# كاریگەرییەكانی بەكارهێنانی زمانی ڕاگەیاندن لەسەر بینەرانی بەرنامە كۆمیدییەكانی تەلەڤزیۆنە كوردییەكان؛ بەرنامەی بەزمی بەزم لەكەناڵی كوردماكس وەک نموونە

**شوان ئادەم ئەیڤەس**

بەشی تەكنیكی میدیا، پەیمانگەی تەكنیكی سلێمانی، زانكۆی پۆلیتەكنیكی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی كوردستان. عێراق.
**ئیمەیڵ:** shwan.adam@spu.edu.iq

**مەهاباد كامل عەبدوڵا**

بەشی كوردی، كۆلیژی پەروەردەی شارەزوور، زانكۆی هەڵەبجە، هەڵەبجە، هەرێمی كوردستان. عێراق.

**ئیمەیڵ:** mahabad.abdullah@uoh.edu.iq

## پوختە:

دەرخستنی ئاستی خراپ بەكارهێنانی زمانی ڕاگەیاندن لە بەرنامە كۆمیدییەكانی تەلەڤزیۆنە كوردییەكانی هەرێمی كوردستانی عێراق و كاریگەرییەكانیان لەسەر بینەران؛ ئامانجی سەرەكیی ئەم توێژینەوەیەیە. بۆ سەلماندنی ئەو ئامانجەش؛ مشتەی توێژینەوەكە لەبۆچوونی 145 بەرتوێژ و شیكردنەوەی ناوەڕۆكی بابەتەكانی 12 ئەڵقەی "بەرنامەی بەزمی بەزم" لەكەناڵی كوردماكس وەرگیراوە. بەپێی دەرەنجامە بەدەستهاتووەكانی ئەم توێژینەوەیە؛ خراپ بەكارهێنانی ئاستەكانی زمانی ڕاگەیاندن لە بەرنامەی بەزمی بەزم-ی كەناڵی كوردماكس-دا؛ كاریگەرییێكی نەرێنیی لەسەر بینەرانی بەرنامەكە هەبووە. بەجۆرێک زۆرینەیان ئەو بۆچوونانە پشتڕاست دەكەنەوە كە ئەگەرچی كوردماكس؛ وەک كەناڵێكی خۆشباری (ترفیهی) كوردیی " هەندێجار" لەلایەن زۆرترین بینەرەوە سەیری بەرنامە سەرەكییەكانی دەكرێت، بەڵام لەگەڵ ئەو بۆچوونەدا هاوڕان كە بەرنامەی بەزمی بەزم لە كەناڵی كوردماكس؛ بووەتە سەكۆیەكی میللیی بۆ ئاساییكردنەوەی جنێودان، بەخشینەوەی تۆمەت و ناوزڕاندنی كەس و گروپەكانی كۆمەڵگە و هۆكارێک بۆ شێواندنی زمانی كوردیی و شێوەزارەكانی، بەرهەمهێنانی توندوتیژی زارەكیی و دەروونیی و تۆخكردنەوەی جیاوازییە ڕەگەزییەكانی نێوان نێر و مێ. ئەوە جگەلەوەی كە بووەتە هۆی تێكدانی زەوق و سەلیقەی بینەرانی و ڕێزنەگرتنی خواستەكانیان و زیاتر بەدگۆیی و لاساریی منداڵان و هەرزەكاران و هۆكاری بێبەهاكردنی ئەتەكێتی كاركردنی هونەریی و بنەما پەروەردەییەكان و سوكایەتییكردن بەخێزان و كولتوری كوردیی و تایبەتمەندییەكانی. لەناوەخنی بابەتەكانی ئەڵقە پەخشكراوەكانیشییەوە، ئەوە دووبارە بوەتەوە كە بەئامانجگرتنی پێكەنین، برەودان بە زمانی بازاڕیی، برەودان بە كولتوری باوی پیاوسالاریی و جیاكاری جێندەری، برەودان بە تابۆ كۆمەڵایەتیی و سێكسییەكان، شێواندنی یاسای زمان و تێكەڵاوكردنی شێوەزارەكان، برەودان بە ناو و ناتۆرەی كەسەكان، بەهەندوەرنەگرتنی ڕێنماییە تەندروستییەكان و پێشێلكردنی ڕێسا پیشەییەكانی ڕاگەیاندن و پێوەرەكانی؛ ناسنامەی سەرەكیی بەرنامەی بەزمی بەزم-ە لە كەناڵی كوردماكس. لەكۆتاییشدا، توێژینەوەكە چەندین



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(1).paper7 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.1, March.2021

ڕاسپاردەی ئاڕاستەی بەرهەمهێنەرانی بەرنامەکە و لایەنە پەیوەندییدارەکان کردووە، لەوانە؛ ڕاگرتنی بەرنامەی بەزمی بەزم و بەرنامە هاوشێوەکانی دیکە بۆ ماوەیەکی کاتی؛ بەئامانجی هەرچی وردتر پێداچوونەوەی ناوەڕۆکی بابەتەکانی بەرنامەکان لەرووی زمانەوانی، میدیایی، یاسایی و هونەرییەوە.

**کلیلە وشەکان:** زمان، زمانی ڕاگەیاندن، بەرنامەی کۆمیدی، تەلەڤزیۆنە کوردییەکان، ڕێسا پیشەییەکانی ڕاگەیاندن

## پێشەکی:

لەچەرخی نوێی زانیارییەکان و ڕۆژگاری بەربلاویی تەکنۆلۆژی نوێدا، پەیوەندیی ڕاستەوانەی نێوان زمان و ڕاگەیاندن وایکردووە؛ ئەم دوو زانستە ببنە دوو دیوی یەک دراو کە ئامانجەکانی یەکتری تەواو بکەن و هیچیشیان نەتوانن دەستبەرداری ئەویدیکەیان بن. ڕاگەیاندن کە ئامانج لێی دروستکردنی پەیوەندییە لەنێوان نێرەرو وەرگردا، دەیەوێت پەیامێک بگەیەنێت. ئەم پەیامەش لە ڕێی زمانەوە دەبێت کە ئەرکی گەیاندنی دەکەوێتە ئەستۆی هۆکارە هەمەچەشنەکانی ڕاگەیاندن، چونکە لەکاری ڕاگەیاندندا زمان ڕەگەزێکی سەرەکییە. بەوهۆیەشەوە زمانێکی دیکە دێتەئاراوە کە ئەویش زمانی ڕاگەیاندن-ە. هەڵبەتە لێرەدا ئەرکی زمانی ڕاگەیاندن ئاسان نییە، چونکە لە چرکەیەکدا دەگاتە ملیۆنەها کەس کە هەریەکەیان خاوەن تایبەتمەندی پەروەردەیی، جوگرافی، زەوق و سەلیقە و پاشخانی هزریی جیاوازن. لێرەشەوە، ئەرێنیی یان نەرێنیی بەکارهێنانی ئاستەکانی زمانی ڕاگەیاندن گرێدراوی ئەو پەیامانە دەبێت کە لە نێرەرەوە دەگەیەنرێنە وەرگر؛ جا لەشێوەی پەیوەندییگرتنی ڕووبەڕوودا بێت یان ناڕاستەوخۆ لەڕێی دراماو بەرنامە کۆمیدییەکان و گەشتی بەردەوامی هەواڵەکانەوە بێت.

لەم توێژینەوەیەدا؛ باس لە زمانی ڕاگەیاندن و کاریگەرییەکانی خراپ بەکارهێنانی لە پرۆگرامە کۆمیدییەکانی تەلەڤزیۆنە کوردییەکاندا دەکرێت. هەربۆیە جگە لە پێشەکیی و لیستی سەرچاوە بەکارهاتووەکان، ئەم توێژینەوەیە لەچوار بەشی سەرەکیی پێکهاتووە. بەشی یەکەم بۆ چوارچێوەی میتۆدیی توێژینەوەکە تەرخانکراوە و تیایدا بایەخ و ئامانجەکان و پرسیارەکان و جۆر و ڕێبازەکانی توێژینەوە ڕوونکراونەتەوە. لەبەشی دووەمدا، چەمکە بەکارهاتووەکانی توێژینەوەکە و ئەوەی پەیوەندییدارە بە چوارچێوەی تیۆرییەوە شیکراونەتەوە. بەشی سێیەمیش تەرخانکراوە بۆ جۆر و ڕێبازەکانی کۆکردنەوە و شیکردنەوەی داتای بەدەستهاتووی توێژینەوە. لەدوایین بەشیشدا، لەژێر ڕۆشنایی هەڵسەنگاندنی ئامانج و پرسیارە سەرەکییەکانی توێژینەوەکەدا؛ وەڵامی ئامانجەکان دراونەتەوە و ڕاسپاردەی گونجاویاون لەبارەوە خراونەتەڕوو.

### 1. بەشی یەکەم: چوارچێوەی میتۆدیی توێژینەوەکە:

ناونیشانی سەرەکیی ئەم توێژینەوەیە؛ لەپێناو دەرخستنی کێشەیەکی درێژخایەندایە کە ئەویش بریتییە لە "کاریگەرییەکانی بەکارهێنانی زمانی ڕاگەیاندن لەسەر بینەرانی بەرنامە کۆمیدییەکانی تەلەڤزیۆنە کوردییەکان؛ بەرنامەی بەزمی بەزم لەکەناڵی کوردماکس وەک نموونە". هەڵبەت ناونیشانی ئەم توێژینەوەیە چەند هۆکارێک لەپشت هەڵبژاردنییەوە بووە، لەوانە: نەبوونی زمانێکی ستانداردی نووسینی کوردیی و شێواندنی زمانی گشتیی ئاخاوتن، لەنێویشیاندا زمانی ڕاگەیاندن و خراپ بەکارهێنانی؛ لەگەیاندنی ئەو پەیامانەی لەنێرەرەوە ئاڕاستەی وەرگر(audience) دەکرێن. ئەویش لەلایەک بەهۆی بەرفراوانبوونی چەندێتیی تەلەڤزیۆنە کوردییەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق و نەبوونی هیچ ڕێسایەکی پیشەیی نووسراو کە لەکاتی بەرهەمهێنان و پەخشکردنی پەیامەکانیاندا پێوەی پابەندبن. لەلایەکی دیکەشەوە، کەمبوونەوە یان بەئەنقەست کەمبایەخکردنی ڕۆڵی دەرگاوان (gatekeeper) لەنێو ڕاگەیاندنی کوردییدا بەگشتیی وایکردووە؛ ئاستی زەوق و چێژبینینی وەرگر بەجۆرێک دابەزێت کە هەندێکجار وەرگر نەتوانێت



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(1).paper7 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.1, March.2021

بەئاسانیی پەیامەکانی ڕاگەیاندنێکی خۆشباری (media entertainment) لەڕاگەیاندنێکی سیاسیی جیابکاتەوە کە ئەوەش ناچاری دەکات بە یەکجاری بایکۆتی ڕاگەیاندنەکە بکات یاخود لەریزبەندی لیستی ڕاگەیاندنە دڵخوازەکانی خۆیدا دووریان بخاتەوە (ئەیڤەس، 2020). ئەمە جگە لە کەمیی سەرچاوەی زانستیی بۆ توێژینەوەو هەڵسەنگاندنی ئەو بەرنامە کۆمیدیانەی لە تەلەڤزیۆنە کوردییە ئاسمانییەکانەوە پەخش دەکرێن. هەربۆیە، لەم بەشەدا و لەرووی میتۆدییەوە، سود و بایەخی توێژینەوەکە و ئامانج و پرسیار و ڕێبازو ڕێوشوێنەکانی ئەنجامدانی توێژینەوەکە دەخرێنەڕوو. ئەوەیش وەک سەرەتایەک بۆ چوونەنێو کرۆکی توێژینەوەکە و بەرچاوڕوونیی زیاتر لەسەر ناونیشان و ناوەڕۆک و سنور و کۆمەڵ و مشتەی وەرگیراوی توێژینەوەکە.

سوود و بایەخی سەرەکیی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە دەچێتە خانەی توێژینەوە فرەپسپۆڕییەکانی نێوان هەردوو زانستی زمان و ڕاگەیاندنەوە کە بەزمانی کوردیی کەمترین توێژینەوەی هاوبەشیان لەبارەوە کراوە. بەتایبەت لەبابەتێکی پڕمشتومڕی وەک زمانی ڕاگەیاندندا کە ئێستا لەبەشێکی زۆری ڕاگەیاندنە کوردییەکاندا بەئاشکرا تێبینیی شێواندن و خراپ بەکارهێنانی دەکرێت؛ چ لەرووی ئاستی زمانیی بەکارهێنانی وشەسازیی (morphology)ەوە بێت یان لەرووی ڕستەسازیی (syntaxes)ەوە. بۆیە گرنگترین ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە، لەپێناو دۆزینەوەو گەیشتن بەچەند ئەنجامێکی نوێدایە، لەوانە: دەرخستنی تایبەتمەندییەکانی زمان و زمانی ڕاگەیاندن لەسەر وەرگران؛ زانینی کاریگەرییەکانی بەکارهێنانی زمانی ڕاگەیاندن و ئاستەکانی لەسەر وەرگرانی کورد لەگەڵ تێگەیشتن لە هەڵوێستی بینەران لەسەر بەرنامە کۆمیدییەکانی تەلەڤزیۆنە کوردییەکان و ئاستی پابەندبوونیان بە ڕێسا پیشەییەکانی ڕاگەیاندنەوە. دەستنیشانکردنی ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیەش ڕێگەخۆشدەکات بۆئەوەی هەوڵی شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی کێشەی بنەڕەتیی توێژینەوەکە بدرێت کە خۆی لەم چەند پرسیارە سەرەکییەی خوارەوەدا دەبینێتەوە:

1. ئایا چ جۆرێکی ئاستەکانی زمانی ڕاگەیاندن؛ کاریگەریی لەسەر بەرهەمهێنانی بەرنامەی کۆمیدیی بەزمی بەزم لەکەناڵی کوردماکس-دا هەبووە؟

2. ئایا بەکارهێنانی ئاستەکانی زمانی ڕاگەیاندن لەبەرنامەی بەزمی بەزم-ی کەناڵی کوردماکس-دا؛ چ کاریگەرییێکی لەسەر بینەرانی بەرنامەکە هەبووە؟

3. ئایا بەرنامەی بەزمی بەزم لەکەناڵی کوردماکس-دا؛ تا چەند پابەندبووە بەپێوەرەکانی ڕێسا پیشەییەکانی ڕاگەیاندن و دروست بەکارهێنانی زمانی ڕاگەیاندنەوە؟

لەرووی میتۆدی زانستییەوە و وەک بەشێک لە توێژینەوە پەسنی (descriptive study)یەکان و بەجێهێنانی پێداویستییەکانی؛ بۆ ڕاییکردنی لایەنی کردەیی و کۆکردنەوەی داتاکانی ئەم توێژینەوەیە پشت بەهەردوو ڕێبازی ڕووپێوی (surveying) و شیکردنەوەی ناوەڕۆکی بابەت (thematic content analysis) دەبەسترێت. بۆ ئەو مەبەستەش، سوود لە فۆڕمی ڕاپێویی ناو پرۆگرامی گۆگڵ وەرگیراوە، بەئامانجی داڕشتنی پرسیارەکانی توێژەران و کۆکردنەوەی وەڵامی بەرتوێژان. ئەم پرۆگرامە؛ خزمەتگوزارییەکی هاوچەرخی کۆمپانیای گوگڵ-ە کە بایەخەکەی لەوەدایە کە پرسیار و بژاردە هەمەچەشنەکانی فۆڕمی ڕاپێوی؛ بەپێی خواستی توێژەر دروستدەکات و پاش ڕێکخستنی پرسیار و بژاردەکانیش دەتوانرێت بەچەندین شێوەی ئاسانکاریی وەک ناردنی ئیمەیڵ، ناردنی بەستەری ڕاپێوییەکە یان دانانی لە ئەکاونت و گروپەکانی قسەکردنی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی فەیسبووک، ڤایبەر، واتسئەپ، بگەیەنرێتە زۆرترین ژمارەی بەرتوێژان. هاوکات لەڕێی هەڵبژاردنی مشتەی ساڵێکی دەستکردی ئەڵقەکانی بەرنامەیەکی کۆمیدییشەوە، شیکردنەوە بۆ ناوەڕۆکی پەیامەکانی تەلەڤزیۆنە کوردییەکان کراوە. لەو چوارچێوەیەشدا، فۆڕمی ئۆنلاینی ڕاپێوییەکە لە 16ی ئایاری 2020 کاراکرا تاوەکو 31ی ئایاری 2020. دوای داخستنی و لە ماوەی 16 ڕۆژدا کە سێ ڕۆژی بەر جەژنی ڕەمەزانی 2020 کەوت، ژمارەی فۆڕمە گەڕاوەکان گەیشتنە 157 فۆڕم. پاش پێداچوونەوەو هەڵسەنگاندنیان،



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(1).paper7 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.1, March.2021

12 فۆرمیان بەهۆی هەڵەی تەکنیکی و وەڵامنەدانەوەی هەندێ پرسیار؛ کەمووکورتییان تێدابوو و ڕەتکرانەوە. ئەوەش وایکرد 145 فۆڕمی دروست بمێننەوە و داتاکانیان شیبکرێنەوە و هەڵبسەنگێنرن. هاوکات لەماوەی نێوان 23ی حوزەیرانی 2018 بۆ 25ی تەموزی 2020 شیکردنەوەی ناوەڕۆک بۆ 12 ئەڵقەی بەرنامەی بەزمی بەزم لەکەناڵی کوردماکس کرا (بڕوانە لیستی پاشکۆکانی توێژینەوە، فۆرمی ژمارە 01).

**سنوری جوگرافیی ئەم توێژینەوەیە؛** لەرووی شوێنەوە هەرێمی کوردستانی عێراق و دانیشتوانی هەریەک لە پارێزگاکانی دهۆک، هەولێر، سلێمانی، هەڵەبجە و ئیدارە سەربەخۆکانی ڕاپەڕین و گەرمیان پێکدێنن. لەرووی کاتەوە، سنوری توێژینەوەکە ماوەی 12 مانگی دەستکردی وەرگرتووە بۆ شیکردنەوەی ناوەڕۆکی ئەڵقەکانی بەرنامەی بەزمی بەزم لەگەڵ ماوەی 16 ڕۆژ بۆ وەرگرتنەوەی وەڵامی بەرتوێژانی ڕاپێوییەکە. لەرووی مرۆییەوە، سەرجەم بەرتوێژان لەو پارێزگا و ئیدارە و یەکانەدا دەگرێتەوە کە ئەو بەرنامانەیان بینیوە کە شیکردنەوەی ناوەڕۆکیان بۆ کراوە یاخود بەشدارییی پڕکردنەوەی فۆڕمی ڕاپێوییان کردووە (بڕوانە لیستی پاشکۆکانی توێژینەوە، فۆرمی ژمارە 02). لەرووی بابەتییشەوە، خراپ بەکارهێنانی زمانی ڕاگەیاندن و کاریگەرییەکانی لەسەر بینەرانی بەرنامە کۆمیدییەکانی تەلەڤزیۆنە کوردییەکانی نێو سنوری هەرێمی کوردستانی عێراق دەگرێتەوە. لێرەشدا، بەدیاریکراوی بەرنامە کۆمیدییەکانی تەلەڤزیۆنە کوردییەکان و بینەرانی گشتیی ئەو بەرنامانە بە کۆمەڵی توێژینەوە (research population) وەرگیراون. ئەویش لەرێی جەختکردنەوە لەسەر جیاوازیی ڕەگەز، تەمەن، ئاستی زانستیی و شوێنی نیشتەجێبوونیان. هەروەها مشتە (sample)ی ڕاپێویی ئەم توێژینەوەیە، لە جۆری مشتەی هەڕەمەکی (random sample)ەو بەشێوەیەکی گشتیی هەموو بینەرانی تەلەڤزیۆنەکان وەرگیراون کە دواتر 145 کەسیان بوونە بەرتوێژی ڕاپێویی ئەم توێژینەوەیە، بەڵام بۆ شیکردنەوەی ناوەڕۆکی بەرنامەکان؛ ویستە مشتە (intention sample) بەکارهێنراوە بۆ هەڵبژاردنی 12 ئەڵقەی بەرنامەی بەزمی بەزم کە لەماوەی سێ ساڵدا پەخشکراون کە بەسەر یەکەوە دەکاتە 636 خولەک. دواتر لەو 145 فۆڕمە دروستەی لەڕاپێوییەکە مانەوە؛ شیکردنەوە بۆ داتا بەدەستهاتووەکانیان کرا. لەسەرەتاداو بەمەبەستی زانینی پاشخانی بینەرانی تەلەڤزیۆنە کوردییەکان لەرووی تەمەن، ڕەگەز و زانستییەوەو بۆ تێگەیشتن لە بۆچوونی تایبەتییان لەسەر بیرۆکەی سەرەکیی توێژینەوەکە، بەشدارانی ڕووپێوی ئەم توێژینەوەیە وەڵامی پرسیارە کەسییەکانیان داوەتەوە. هەروەک خشتەی ژمارە 01، نیشانی دەدات کە زۆرینەی بەشدارانی ڕاپێوییەکە کە دەکاتە 60.7% لە ڕەگەزی نێر و 39.3%یش لە ڕەگەزی مێ ـن. ئەگەرچی ئەم ڕێژانە تاڕادەیەک پێچەوانەی ئەو بۆچوونە باوەیە کە پێیوایە ڕەگەزی مێ بەهۆی زۆر مانەوەی لەماڵەوە و سەرقاڵبوونی بە بەخێوکردنی منداڵ و کاروباری خێزانییەوە زیاتر سەیری تەلەڤزیۆنەکان دەکات، بەڵام لەلایەکی دیکەوەو لەرووی جێندەرییەوە، هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ بوونەتە بەرتوێژی توێژەران و بە وەڵامدانەوەی هەڵبژاردەی پرسیارەکان، بەشدارییەکی کارایان لەبەرهەمهێنانی داتاکانی ئەم توێژینەوەیەدا کردووە.

لەخشتەی ژمارە 02دا، گروپی تەمەنی 34 ساڵ و بەرەو سەر لە ریزبەندی یەکەمدان بە ڕێژەی 44.8% دێن. هەروەها ڕێژەی 33.8%ی بەشداران تەمەنیان لەنێوان 26_33 ساڵە. ئەوەش دەریدەخات کە زۆرینەی بەشدارانی ڕاپێوییەکە لە نەوەی نوێی کۆمەڵگە پێکدێن. بەدوای ئەواندا، کەمینەیەکیش ڕێژەی 21.4%ی گروپی تەمەن 18_25 ساڵ پێکدەهێنن کە بە لاوترین گروپی بەرتوێژان هەژماردەکرێن و ئێستا زۆرتر بە بەکارهێنانی ڕاگەیاندنی جێگرەوەی وەک تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە سەرقاڵن وەک لە ڕاگەیاندنە باوەکانی وەک تەلەڤزیۆن و ڕادیۆ و ڕۆژنامە.

بەپێی خشتەی ژمارە 03، ئاستی خوێندنی زۆرینەی بەشدارانی ڕاپێوییەکە کە دەکاتە 34.5% لە دەرچوانی زانکۆ و خاوەن بڕوانامەی بەکالۆریۆسن. لە پلەی دووەمدا و بە ڕێژەی 29% دەرچووانی پەیمانگا و هەڵگرانی بڕوانامەی زانستیی دیپلۆمی دووساڵەی دوای ئامادەیین. ئەوەی سەرنجڕاکێشە لەپلەی سێیەم و چوارەمدا، 17.2%ی بەشدارانی ڕاپێوییەکە خاوەن بڕوانامەی


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(1).paper7 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.1, March.2021


ماستەر و 14.5% خاوەن بڕوانامەی دکتۆران. واتا بە هەردووکیان 31.7%ی بەشدارانی راپێوییەکە پێکدەهێنن و ئەمەش دیسانەوە پێچەوانەی ئەو بۆچوونە باوەیە کە پێیوایە هەڵگرانی بڕوانامەی باڵا بەدەگمەن نەبێت سەیری تەلەڤزیۆنە کوردییەکان ناکەن. لێرەوە ئەوە دەردەکەوێت کە بینەرانی تەلەڤزیۆنەکان هەربەتەنها کابانی ماڵەوەو بێکار و بێبڕوانامەکان نین، بەڵکو بڕوانامەدار و ئەکادیمییەکانی نێوەندە پەروەردەیی و زانستییەکانی خوێندنی باڵاشن. لەپلەی پێنجەمیشدا هەڵگرانی بڕوانامەی ئامادەیی لەپۆلی 10 تاوەکو 12 بە ڕێژەی 4.8% دێن. واتا نزیکەی 33.8%ی بەشداران لەهەڵگرانی بڕوانامەی ئامادەیی و دیپلۆمی دووساڵەن کە ئەوەش لە رووی ئابوورییەوە بە هێزی کاری کارامەی نێوەند هەژماردەکرێن، ئەمەش رێژەیەکە نزیکە لە رێژەی خاوەن بڕوانامەکانی ماستەر و دکتۆرا کە بەشداری پڕکردنەوەی فۆڕمی راپێویی ئەم توێژینەوەیەیان کردووە.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(1).paper7 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.1, March.2021


خشتەی ژمارە 04، نیشانی دەدات کە شوێنی نیشتەجێبوونی زۆرینەی بەشدارانی راپێوییەکە کە دەکاتە 63.4% دەکەونە پارێزگای سلێمانییەوە و بەدوای ئەویشدا پارێزگای هەولێر دووەم گەورەترین بەشدارانی راپێوییەکەن بەرێژەی 18.6%. لەپلەی سێەمیشدا پارێزگای هەڵەبجە دێت بەرێژەی 9% و ئیدارەی گەرمیان بەرێژەی 5.5%. لەو نێوەندەشدا، کەمترین رێژە بەر هەریەک لە پارێزگای دهۆک بەرێژەی 2.1% و ئیدارەی راپەڕین بەرێژەی 1.4% دەکەوێت. هەرچەندە توێژەران، ئامانجیان بوو رێژەی بەشدارانی راپێوییەکە لەهەر چوار پارێزگا و دوو ئیدارە سەربەخۆکەی هەرێمی کوردستاندا تاڕادەیەک وەکیەک بن یاخود لەیەکەوە نزیک بن، بەڵام بەهۆی هەڵەی تەکنیکیی و کەموکورتیی لەوەڵامدانەوەی هەندێ لە بڕگەکانی پرسیارەکاندا یاخود بەهۆی بەسپێتیی بەجێهێشتنی وەڵامەکان، 12 فۆرم رەتکرانەوە و توێژەران هەژماریان نەکردن. لە پارێزگاکانی دهۆک، هەڵەبجە و ئیدارەکانی راپەڕین و گەرمیانیشەوە، رێژەی بەدەنگەوەهاتن و وەڵامدانەوە زۆر سنوردار و کەم بوو کە ئەوەش دەشێت بەهۆی کەمیی ئینتیما بۆ پارێزگا نوێ و ئیدارە سەربەخۆکان و سنورداریی و دوورەدەستیی ئاستی دەستگەیشتن بەسەرچاوەکانی ئینتەرنێت بێت. هەربۆیە، تاڕادەیەک جیاوازیی و نایەکسانیی لەسنوری جوگرافیی بەشدارانی توێژینەوەکەدا بەدیدەکرێت. لەپێناو باشتر روونکردنەوەی کێشەی سەرەکیی توێژینەوەکە و ئامانجە دیاریکراوەکانی؛ لێرەدا ئەو چەمکانە دەخرێنەروو کە لەم توێژینەوەیەدا زیاتر بەکارهاتوون، لەوانە:

**کۆمیدی:** جۆرێکە لەجۆرەکانی ئەندێشە (genre of fiction) کە رەچەڵەکەکەی بۆ چەمکی (κωμῳδία, kōmōidía)ی یۆنانی دێرین دەگەڕێتەوە. لەدیموکراسییەتی ئەسینادا، رایگشتیی دەنگدەران دەکەوتەژێر کاریگەریی هەجووی سیاسی (political satire)ەوە کە لەلایەن شاعیرە کۆمیدییەکانی سەرشانۆوە دەخرایەروو. مەبەست لێی؛ هەر گوتارێک یان کارێکە کە بەشێوەیەکی گشتیی پێکەنیناوی (humorous) بێت و ببێتە هۆی خۆشکردنی دۆخی بینەران لەرێی وروژاندنی ئارەزووی پێکەنین. بەتایبەت لەسەر تەختەی شانۆ، تەلەڤزیۆن، فلم، کۆمیدیای وەستاو (stand-up comedy) و کتێب و هەر جۆرە نێوەندێکی دیکەی خۆشبارییەوە (Henderson.,1993).


**خشتەی ژمارە 01**
**رەگەزی بەشداران**





**خشتەی ژمارە 02**
**تەمەنی بەشداران**




**خشتەی ژمارە 03**
**ئاستی خوێندنی بەشداران**




**خشتەی ژمارە 04**
**شوێنی نیشتەجێبوونی بەشداران**



**كاریگەری:** جوڵە یان هۆكاری بەركەوتنی شتێك لەگەڵ شتێكی دیكەدایە، واتە شتێك ببێتە هۆی گۆڕانكاریی شتێكی دیكە (ئەیڤەس، سەعید، غەفور، 2020). بۆنموونە، كاریگەرییەكانی خراپ بەكارهێنانی زمانی راگەیاندنی بەرنامە كۆمیدییەكانی تەلەڤزیۆنە كوردییەكان لەسەر وەرگر یان بینەرانیان.

**زمانی راگەیاندن:** مەبەست لێی ئەو زمانە گشتییە ئاسانەیە كە سەرجەم چین و توێژو تاكەكانی كۆمەڵگە بە جیاوازیی زار و زارۆچكەكانەوە بەكاریدەهێنن و لێی تێدەگەن. بەتایبەت ئەو زمانی دەربڕینەی لە گەیاندنی پەیامەكانداو لەرێی هەواڵ و بەرنامە و فلم و دراما و جۆرە جیاوازەكانی دیكەی راگەیاندنەوە بەكاردەهێنرێت (ئەسعەد، 2013).

**تەلەڤزیۆنە كوردییەكان:** بەدیارییكراوی مەبەستی ئەم توێژینەوەیە ئەو كەناڵە ئاسمانییە كوردییانە كە لەهەرێمی كوردستانەوە پەخش دەكەن و زۆرتر دەچنە چوارچێوەی راگەیاندنی خۆشباری (entertainment media) و پشكی شێری بەرنامەكانیان بۆ زاخاودانەوەی مێشك و كەیفۆخشیی و پێكەنینە، لەرێی پەخشكردنی پەیامەكانیان لەچوارچێوەی فلم، دراما، بەرنامەی هەمەڕەنگی شۆو كۆمیدی ((ئەیڤەس، سەعید، غەفور، 2020).

**بەزمی بەزم:** بەرنامەیەكی شۆئامێزی كۆمیدییە لە كەناڵی ئاسمانیی كوردماكس پەخشدەكرێت. هەر ئەڵقەیەكی ئەم بەرنامەیە لەسەر بابەتێكی دیارییكراو یان پرسێكی كتوپڕی كۆمەڵگەیە كە لەرووی سیاسی، كۆمەڵایەتیی و خێزانییەوە بەشێوەیەكی كۆمیدیی و لەچوارچێوەیەكی دیاریكراودا بەرهەم دەهێنرێت. بەشی زۆری بڕگە و دیمەنەكانی لەسەر تەختەی شانۆو لەبەردەم جەماوەردا یان لەستۆدیۆ وێنەدەگیرێن و چەند ئەكتەرێكی كوردی شێوەزار جیاوازی نیشتەجێی هەرێمی كوردستانی عێراق كاری تیادەكەن (كوردماكس، 2020).

## 2. بەشی دووەم: چوارچێوەی تیۆریی توێژینەوە

لە رێی پشتبەستن بەسەرچاوەی زانستیی نوێ؛ لەم بەشەداو لەرووی تیۆرییەوە سەرجەمی ئەو بابەتە پەیوەندییدارانەی بۆ لایەنی كردەیی توێژینەوەكە پێویستن؛ دەناسرێن و دەخرێنەڕوو. بەتایبەت هەریەك لەچەمكەكانی: زمان و رەهەندەكانی بەكارهێنانی لە راگەیاندندا، زمانی راگەیاندن و كاریگەرییەكانی، یاساكانی زمان و رێسا پیشەییەكانی راگەیاندن لە بەرنامە كۆمیدییەكانی تەلەڤزیۆنە ئاسمانییە كوردییەكانی نێو هەرێمی كوردستانی عێراقدا.

### 1.2: زمان و رەهەندەكانی بەكارهێنانی لەراگەیاندندا

ناساندن و لە قاڵبدانی دیاردەیەكی وەك زمان كارێكی ئاسان نییە، چونكە زمان خۆی لە خۆیدا فرە رەهەندو فرەجەمسەرە، ئەركو تایبەتمەندی جیاوازی هەیە، بەڵام هەمووان بەكاریدەهێنن. لەم روانگەیەوە پێناسەكانیش جۆراوجۆرنو ئاشكرایە كە فەیلەسوفەكان وەك دەروونناسەكان پێناسەی ناكەن، هەروەها كرێكارێكو ئەندازیارێك وەكیەك گوزارشت لە زمان ناكەن. زمان بەپێی بەكارهێنەرەكانی جۆراوجۆرە؛ زمان هۆیەكە بۆ لەیەكترگەیشتن كە بەپێی یاساو رێسا رێكخراوەو مرۆڤ بۆ دەربڕینی هەستو نەست بە ویستی خۆی بەكاریدەهێنێتو لەژێر دەسەڵاتی خۆیدایە، واتە بەپێی كاتو شوێن و لەرێی چەند هێمایەكی دەنگییەوە گوزارشتی لێدەكات (فەتاح، 1990: 05).


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(1).paper7 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.1, March.2021

زمان لەسەرجەم کایەکاندا بوونی هەیەو بزوێنەری سەرەکیی ژیانە، لەم نێوەندەشدا ڕاگەیاندن وەک ئاوێنە ئەم پەیوەندییە بەرجەستە دەکاتو لەهەر بوارێکی دیکە زیاتر دەربڕی زمانە. دەتوانرێت ئاستی تاکەکان لە ڕاگەیانندا و لەڕێی زمانیانەوە دەستنیشان بکرێت. تەنانەت لە ڕادیۆو ڕۆژنامەکاندا ئەگەرچی تاکەکان بەوێنە نابینرێن، بەڵام ئاستی قسەکردنیان بە زمانەکەیاندا دەپێورێتو زۆرجار ڕاگەیاندنەکان کاریزمای هەڵکەوتوو دەناسێنن. لەم نێوەندەشدا، ئەستەمە ڕاگەیاندنەکان بەبێ زمان بتوانن پەیامی خۆیان بگەیەنن. واتە پەیوەندیی نێوان زمان و ڕاگەیاندن؛ پەیوەندییەکی ڕاستەوانەیە، هیچیان ناتوانن دەستبەرداری ئەویتریان ببێت. زۆرجار ڕاگەیاندن دەبێتە سەرچاوەیەک بۆ تۆکمەبوونی زمان؛ وشە و دەستەواژە نوێ و زانستییەکان لەڕێی ڕاگەیاندنەوە دەگوازرێتەوە بۆناو خێزانەکانو تاکەکان لە ژیانی ڕۆژانەیاندا بەکاریاندەهێنن (ئەسعەد، 2013: 44).

ڕاگەیاندن؛ ئامانج لێی دروستکردنی پەیوەندییە لەنێوان نێرەرو وەرگردا، چونکە ڕاگەیاندن دەیەوێت پەیامێک بگەیەنێت، ئەم پەیامەش لەڕێی زمانەوە دەبێت. ئەرکی گەیاندنی ئەم پەیامەش هۆکارەکانی ڕاگەیاندنن بە بینراو و بیستراوەوە، چونکە زمان ڕەگەزێکی سەرەکییە لە کاری ڕاگەیاندندا. لێرەوە زمانێکی تر دێتەئاراوە؛ ئەویش زمانی ڕاگەیاندنە. ئەرکی زمانی ڕاگەیاندن ئاسان نییە، چونکە لە چرکەیەکدا دەگاتە ملیۆنەها کەس. هەڵبەت لەم توێژینەوەیەشدا زیاتر باس لە خراپ بەکارهێنانی زمانی ڕاگەیاندن لە تەلەڤزیۆنە کوردییەکاندا دەکرێت، بە دیاریکراویش ئامانجی توێژەران هەڵسەنگاندنی یەکێک لەپرۆگرامە کۆمیدییەکانە بەناوی بەرنامەی بەزمی بەزم لە کەناڵی ئاسمانیی کوردماکس. توێژەران دووپاتیدەکەنەوە کە ئەرکی زمانی ڕاگەیاندن؛ پاراستنو دەوڵەمەندکردنی ئاستی زمانە. پەیوەندیی نێوان زمانی ڕاگەیاندن و زانستی زمان پەیوەندییەکی ڕاستەوانەو کاریگەرە، چونکە لێکەوتەی گەشەی زمانیی لەسەرجەم ئاستەکانی فۆنۆلۆژی، مۆرفۆلۆژی، سینتاکس و واتاسازیی زماندا ڕۆڵێکی ئێجگار گەورەی لە دەوڵەمەندکردنی زماندا دەبێت. لەو چوارچێوەیەشدا، ڕاگەیاندن سەرەڕای ئەرکی هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵایەتی، خراپ بەکارنەهێنانی زمانیش؛ ئەرکێکی دیکەیەتی (قادر، 2019: 38). لەو ڕوانگەیەوە، زمانی ڕاگەیاندن دەیەوێت پەیامێک بگەیەنێت کە بریتییە لە بیر و خواست و ئامانج، چونکە ڕاگەیاندن بەبێ زمان بوونی نییە. لە زانستی زمانیشدا، زمان هۆکارە بۆ بیرکردنەوەو ڕێکخستنی ژیان، چونکە لە ڕێی زمانەوە پەیوەندییەکان ڕێکدەخرێن و چوارچێوەیان بۆ دادەنرێت و پێچەوانەکەشی ڕاستە، زمان دەتوانێت ببێتە هۆکارێکی نەرێنیی بۆ خراپکردنی پەیوەندییەکان. زمانی ڕاگەیاندن وەک وابەستەییەک بە کۆمەڵ و کولتورەوە لە زانستی زمانی کۆمەڵایەتییدا شرۆڤە دەکرێت و دەبێتە ڕایەڵەیەک لەنێوان دامەزراوەکانی کۆمەڵدا. خودی ئەم زمانەش؛ چەندین ڕەهەندی ڕۆشنبیریی، دنیابینی، زانستییو هزریی لەخۆگرتووە. واتە بیری تاکەکان لە ڕێی ئامێرێکی پەیوەست بە زمانەوە؛ ڕاگەیاندن بەرهەم دێنێت (عومەر، عەبدولرەزاق 2019، 138). لێرەشەوە گرنگە ئاماژە بە سێ ڕەهەندی سەرەکیی زمان بدرێت کە ئەوانیش بریتین لە:

1. **ڕەهەندی شیکردنەوەی هێما لەچوارچێوەی یاسا و ڕێسا زمانییەکاندا.** لەم ڕەهەندەدا، ئاستەکانی زمان دەبنە بنەما بۆ لێکۆڵینەوە لە بنەماکانی زمان.
2. **ڕەهەندی شیکردنەوەی هێما پەیوەست بەدنیابینییەوە.** لەم ڕەهەندەدا، دنیابینیی تاکەکان و چۆنێتی بیرکردنەوەیان و ئەزموونیان مانا بە زمان و هێماکان دەدات و بەهای جیاوازیان دەبێت. هەرچەندە ئەو هێمایانە کاریگەربن؛ دنیابینیی بەکارهێنەرەکەی پیشان دەدات و دەوڵەمەندی لە پەیپێبردندا دەردەخات.
3. **ڕەهەندی شیکردنەوەی هێما پەیوەست بە کۆمەڵەوە.** لێرەوە کاریگەریی زمان لەسەر کۆمەڵو بەپێچەوانەشەوە دەردەکەوێت کە زۆرجار کۆمەڵ کار لە زمان دەکات، چونکە کۆمەڵ لەسەر هێما زمانییەکان ڕێکدەکەونو بەهایان دەدەنێ. هێما (رمز)؛ ئەو دەنگانەن کە لە هەر وشەو ڕستەیەکی گۆکراودا دەبینرێنو دەبیسترێن، ئەم دەنگانە شتێک دەنوێنن کە خۆیان نین، پەیوەندیی نێوان ئەو شتەو دەنگەکان پەیوەندییەکی لەخۆوەیە. واتە ڕێککەوتن لەنێوان کەرەستەو شتە وتراوەکەدا نییە، بەگشتییش سێ جۆر هێما لە زماندا جیادەکرێتەوە کە ئەمانەن (فەتاح، 1990: 07):


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(1).paper7 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.1, March.2021

1. **هێمای وێنەیی:** پەیوەندی لەنێوان دەنگو واتادا هەیە، ئەمە زیاتر لە زمانی جەستەدا بەدەردەکەوێت. بۆنموونە لێوهەڵقرچاندن؛ بە مانای ناڕازی بوونو تووڕەبوون دێت.

2. **هێمای هۆیی:** ئەم هێمایە زیاتر دەرکەوتنی نیشانەکەیە لەسەر دەموچاو یاخود لە سروشتدا کە هۆکارە بۆ شتێکی تر. بۆنموونە، سووربوونەوە؛ بەمانای شەرم یان نەخۆشیی دێت.


3. **هێمای لەخۆوە:** لەمجۆرەدا هیچ پەیوەندییەک لەنێوان ناوو ناولێنراودا نییەو پەیوەندییەکان لەخۆوەن. پێویستە ئەم هێمایانە لێکبدرێنەوەو زۆربەی ناولێنراوەکانی دەوروبەرمان لەمجۆرەن. وشە نوێکان کۆمەڵێک کەسن یاخود تاکە کەسێک دروستیان دەکات و بە کۆمەڵ دەناسرێنو بڵاودەبنەوە، لێرەدا راگەیاندن رۆڵی خۆی دەبینێت.

لە روانگەی رەهەندە سەرەکییەکانی زمانەوە، ئەوە روونەبێتەوە کە راگەیاندن؛ هەمیشە ئەرکی دروستکردنی پەیوەندییە لەنێوان تاکەکان یاخود گروپو دەستەکاندا. خاڵی هاوبەش لەنێوان تاکو دەستەو گروپەکاندا؛ زمانە کە پەیامێک لە نێرەرەوە لە رێی کەناڵێکەوە دەگەیەنێتە وەرگر. هەڵبەت ئەرکی راگەیاندنیش جۆراوجۆرە، لەوانە بڵاوکردنەوەی هەواڵ، بیروبۆچوون، رۆشنبیری، ریکلام، .. هتد (فەوزی 2011). سەرجەم ئەم ئەرکانە لەڕێی راگەیاندنی نوسراو، بیستراو و بینراوەوە دەگەیەنرێن، بەڵام کاریگەرترینو بڵاوترینیان؛ بینراو-ە. زمان و راگەیاندن؛ دووانەی دانەبڕاوی یەکترین. راگەیاندن بەبێ زمان نابێت، بەڵام زمان بەبێ راگەیاندنیش لەسەرجەم کایەکانی دیکەی ژیاندا کاریگەریی سەرەکیی هەیەو وابەستەیە بە کۆمەڵەوە.

## 2.2: زمانی راگەیاندن و کاریگەرییەکانی

بەهەرلایەکدا ئاوڕبدرێتەوە زمان لەبەردەستو دەمدایەو هەرگیز لە مرۆڤ جیانابێتەوە. زمان لە بیرو خەونی مرۆڤەکاندایە؛ شارستانییەت و پێشکەوتن بەبێ زمان نابێت. واتە باوکی سەرجەم زانستەکانی دیکەیە؛ هیچ زانست و زانیارییەک بەبێ زمان گوزارشتی لێناکرێت. زمان لە کۆمەڵە رستەیەکی بێسنور پێکدێت کە بەشێوەیەکی سیستماتیک کەرەستەکانی رێکخراون و لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا بەکاردەهێنرێت. زمان هەمیشە لە گۆڕاندایە، چونکە چەقبەستوویی هەر زمانێک وەک گۆمێکی مەنگ وایە، ئەگەر ئاوی لێنەڕژێتو تێنەڕژێت بۆگەن دەکات، زمانیش بە بەردەوامیی لێیدەڕژێتو تێیدەڕژێت. لە دەزگاکانی راگەیاندنیشدا بەهەمان یاسا و رێسای رێگەپێدراو بەکاردەهێنرێت، هەرچەند رووداوەکان ئاڵۆز و دژواربن، بەڵام بە زمان دەگەیەنرێن، چونکە زمان وەڵامدەرەوەی پێویستییەکانی سەردەمە. زیندوویەتی زمان؛ بەکارهێنانیەتی. هەتاکو تاکێک بە زمانێک قسەبکات، مانای وایە ئەو زمانە زیندووە، بەڵام بە کۆچکردنو دواکەسی زمانێک؛ زمانەکەش دەمرێت. هەربۆیە بەگشتیی سێ هۆکار کاریگەرییان لەسەر ناوەڕۆکی راگەیاندن هەیە، ئەوانیش (ئەسعەد، 2013: 61):

جۆرو ناوەڕۆکی راگەیاندن





DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(1).paper7 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.1, March.2021

جۆرو مەبەستی راگەیاندن لە گۆڤار، رۆژنامە، کتێب... هتد کە بۆ راگەیاندنی بینراو و بیستراو دەنوسرێت؛ هەریەکێک لەوانە تایبەتمەندیی خۆیان هەیە و تایبەتمەندیی زمانیی هەریەکێک لەمانە جیاوازە، چونکە وەرگرەکان جۆراوجۆر و پەرش‌و بڵاون. هەربۆیە دەکرێت تایبەتمەندییەکانی زمان‌و زمانی راگەیاندن لەمانەی خوارەوەدا کورت بکرێنەوە:

1. **نووسین:** زمانی راگەیاندن و هونەرەکانی؛ بنەمای سەرەکیی دارشتنن و وێنەکان هاوکارن. هەر وشەیەکیش کە لە راگەیاندنەوە دەردەچێت، کەسی راگەیاندنکار نوسەری کتێبێک نییە بەتەنها، بەڵکو هاوکارێکە لە داڕشتندا، چونکە بەشدارە لە داڕشتنی هەر دەنگێکدا و دواجار بێژەر یاخود ئەکتەر گوزارشت لەو دەقە دەکات.

2. **بابەتێتی:** خەسڵەتێکی هاوبەش لەنێوان زمان و راگەیاندندا؛ بابەتێتییە، چونکە راگەیاندن راستییەکان دەخاتەڕوو کە هەندێکیان روویانداوەو هەندێکی دیکەیان روودەدەن. راگەیاندنکار نابێت مەبەستی خودیی لە دەقەکاندا هەبێت. راگەیاندنکاری سەرکەوتوو خۆی لە سەرجەم حەزو ئارەزووەکانی دادەبڕێت‌و ئەو زمانە بەکاردەهێنێت کە گشتگیربێت‌و بۆ هەمووان بێت.

3. **ئاسانکاری:** راگەیاندنکار دەبێت بە زمانێکی سادەو ساکار بدوێت‌و ئەو کۆدانە بەکاربهێنێت کە جەماوەر دەیانناسێتەوەو وشەکان جۆراوجۆربن‌و برگەکان کورت بن.

4. **روونییو سەرنجراکێشیی نواندن:** روونی؛ کردارێکی پێویستە لە راگەیاندندا لەپێناو دوورکەوتنەوە لە بەکارهێنانی وشەی زبرو قورسی پسپۆڕی. سەرنجراکێشی؛ جۆرێکە لە دروستکردنی بازاڕ بۆ راگەیاندن. بۆنموونە بەکارهێنانی دەستەواژەی خۆش وەک ئەوەی راگەیاندنکارێک دەیەوێت پەیوەندیی باشی نێوان سەرۆکی دەزگایەک و ئەندامەکانی بخاتەڕوو، دەڵێت سەرۆکی زانکۆی فلان حەزی لە فیسارە رەنگە، بۆیە ئەندامەکانیش هەمان رەنگیان حەزلێیە. دراماکانیش لەخستنەڕووی واقیعی سەردەمێک بۆناو دەقێک پێکدێن، بۆیە دەبێت هەست‌و چالاکییەکانی خۆڕسک بن، خەون‌و کاردانەوەکانی‌و ئاوێتەی ئەوکاتە بن کە نمایشی تێدا دەکات. دەبێت ئەو وشانە بەکاربهێنرێت کە ئارامیی‌و بەرگەگرتن‌و دوورکەوتنەوە لە توندوتیژی رەگەزیی بیانگەیەنێتە ئەنجامی خۆی.

5. **زمان بەپێی کات‌و شوێن گونجاوبێت،** هەروەک دەوترێت: "باشترین قسە، کورتترین و پڕماناترینییانە" یاخود "قسەکردن وەک دەرمان وایە هەندێکجار کەم‌و زۆری؛ زیان بە جەستە دەگەیەنێت". هەربۆیە زمانی راگەیاندن دەبێت بەپێی پێویست کورت‌و درێژبکرێتەوە. زۆرجار دووبارەکردنەوەی مەبەستدار سودی خۆی هەبووە و دەبێت. بۆنموونە، دووبارەکردنەوەی رستەی "کەمکردنەوەی مووچەی پلەباڵاکان" لە راگەیاندندا بۆ راکێشانی کۆمەڵێک خەڵکە بۆلای دەسەڵات‌و کەمکردنەوەی توورەیی خەڵکە.

6. **راگەیاندنکاری باش دەبێتە نموونەیەکی سەرکەوتوو،** چونکە ئەمجۆرە لە راگەیاندنکار خۆیان بڕیار دەدەن و لەم بوارەدا جۆری داڕشتن‌و زمانی گەیاندن رۆڵی ئێجگار گەورە دەبینێت، چونکە هەر چینێک زمانێکی تایبەت بە خۆی هەیە. بۆنموونە، منداڵان‌و گەنجان‌و بەتەمەنەکان زمانی جیاوازیان بۆ بەکاردەهێنرێت (کرم، 1992: 150).

لەبەرئەوەی راگەیاندن لەگەڵ سەردەمدا دەژی؛ لەگەڵ پێشکەوتنی کۆمەڵیشدا فراوان و فرەچەشن دەبێت، چونکە زمانی راگەیاندن زمانی شارستانیەتیە، سەرجەم کون‌وقوژبنەکان کێوماڵ دەکات‌و سەرچاوەی ئەم زمانە خودی کۆمەڵ خۆیەتی‌و دواجار هەر خۆیشی دەبێتەوە بە سەرچاوە بۆ کۆمەڵ. واتە ئەم زمانە توانای گۆڕینی رۆڵی خۆی هەیە. لێرەشدا زمان و بیر؛ سەرچاوەی زمانی راگەیاندنن. واتە سەرجەم ئەو گۆڕانکارییانەی لە کۆمەڵدا روودەدەن کاریگەرییان لەسەر زمان هەیە، بەڵام دەتوانرێت سود لە چەند جۆرێک لە زمان وەربگیرێت، لەوانە: زمانی ستاندارد، زمانی گشتیی و زمانی وەرگێڕان. هاوکات لەدوای هەریەک لەدەسەڵاتە دەستوورییەکانی یاسادانان، راپەڕاندن و دادوەری، بەشێوەیەکی گریمانەیی راگەیاندن وەک دەسەڵاتی چوارەم ناسێنراوە و


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(1).paper7 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.1, March.2021

کاریگەریی راستەوخۆی لەسەر کۆمەڵ هەیە؛ زمانیش وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیی لەم کاریگەرییە بێبەش نییە. زمان و راگەیاندن وەکیەک کار لەیەک ناکەن، بەڵکو بەپێی کات و شوێن و سەردەم کاریگەرییەکە دەگۆڕێت. راگەیاندن هەمیشە وەک تیغی دووسەر وایە، لەیەک کاتدا دەتوانێت ببێتە هۆکارێک بۆ ئاشتیی و ئازادیی و میانڕەوی، هەروەکچۆن دەشتوانێت ببێتە هۆکارێک بۆ تێکدان و پشێوی و توندڕەوی. بێگومان ئامرازی ئەم گەیاندنەش زمانە کە زۆرجار تەنانەت کەرەستەیەکی بچوکی زمانیی دەتوانێت ئەم رۆڵە بگێڕێت. لەو رووەوە، رۆبێرت ل. هیلیارد دەڵێت: پێویستە بیرت بێ، وشە گرنگترین شتە لە تەلەڤزیۆندا، کەواتە وشەی بەهادار بۆ شتێک بەفیرۆمەدە کە بینەران دەیبینن (ئەسعەد، 2013: 85). بەمجۆرە هەمیشە وێنەکانیش پێویستیان بە وشە و گوزارشتی گونجاو هەیە بۆ دەربڕین و گەیاندنی پەیام؛ سەرچاوەی هێزە و دەبێت وشەکان لە ئاست وێنەکاندابن. زمان و راگەیاندن زۆرجار بەجۆرێک بەناویەکدا دەچن کە هەردووکیان لەیەک کاتدا دەبنە کەرەستەیەکی سەرەکیی بۆ پەیامێکی گونجاوو سەردەمی. راگەیاندنەکان کاریگەریی راستەوخۆیان هەیە؛ لەسەرجەم ماڵ و داموو دەزگاکاندا بوونیان هەیەو کار لە بیرو فەرهەنگی زمان دەکەن. راگەیاندن بەجۆرێک کاردەکات تا دەگاتە ئاستی پێگەیاندنو باڵدەکێشێت بەسەریداو تەنانەت لەزۆرباردا دەسەڵاتی بەسەر زماندا هێندە زیاد دەبێت و بەجۆرێک بەسەریدا زاڵدەبێت کە دەسەڵاتی حوکمڕانانیش ناتوانێت بەری پێبگرێت. لێرەشدا، کاریگەریی زمانی راگەیاندن بە دوو جۆر دەبێت:

**1. ئەرێنی:** لەڕێی راگەیاندنەوە سەردەم و دەسەڵاتەکان دەناسرێنەوە. وشە و گوزارشتەکان دەربڕی سەردەمی خۆیانن و ئاستی گەشەی کۆمەڵ دەردەخەن. لەڕووی ئەدەبو رۆشنبیریی و سیاسیی و ئابوورییەوە گوزارشت لە رۆژی خۆی دەکات. راگەیاندنەکان قۆناغی نوێن لە گوزارشتدا، زمان بەهۆی راگەیاندنەوە گەشەدەکات و فەرهەنگی زمان دەوڵەمەند دەکات، چونکە رێگایەکی راستەوخۆیە بۆ گەیاندنی وشە و گوزارشتە نوێکان.

**2. نەرێنی:** راگەیاندنەکان ناوەندێکی خێران بۆ گواستنەوەی هەڵە زمانییەکانو بەخشینیان بە خەڵک، هەڵە زمانییەکان لەم رێگەیەوە دەکەونە سەر زاری خەڵک، هەڵەی زەق لە راگەیاندنەکانەوەو لە سەرجەم ئاستەکانی زماندا دەکرێت.

وەک توێژەران تێبینیان کردووە، رۆژانە بەشێکی زمانەکە بە لاڕێدا دەبرێت، بەجۆرێک زمان بە تێکدانی بیر وێنادەکرێت و نادروستی لە زماندا تێنەگەیشتن دێنێتە ئاراوە (عومەر، عەبدولرەزاق، 2019: 98). ئەو پەیوەندییەی نێوان زمان و راگەیاندن دەبێتە قەیرانێکی بەلادا براو، رۆژانە لەسەرجەم کردەکانی نانخواردن، خەوتنو رۆیشتندا، زمان بەکاردەهێنرێت. زمان دەربڕی راستییەکانی بیری ئاخێوەرە. زۆرجار ئاخێوەر زمانیش بەکاردەهێنێت، بەڵام بیرۆکەیشی نییە، کە بیخاتە چوارچێوەی وشەوە. لەوانەیە ئەم رستانە واتاشیان هەبێت، بەڵام دەربڕی هەست و سۆز نین. واتە ئاخێوەر زمان بۆ هەڵخەڵەتاندنو بەلاڕێدابردن بەکاردەهێنێت و زمان وەک خاڵێکی رووپۆش دەبێت؛ ئەمەش دەبێتەهۆی خراپ بەکارهێنانی زمان. ئاشکرایە کاتێک زمان بەمجۆرە بەکاربهێنرێت مەبەستێکی لەپشتەوەیە. بۆنموونە، درۆیەکە بۆ خاڵیکردنەوەی رقو کینەو توورەییو لاڤو گەزافو پیاهەڵدانو بەڵێنی ناڕاست کە پێیدەوترێت؛ "بەڵێنی سەرخەرمان". ئەمجۆرە لە بەکارهێنانی زمان و بێسەروبەریی لە زماندا دروست نییە. بەهەر لادانێک لە بەرهەمهێنان یان تێگەیشتنی زمان دەوترێت بەکارهێنانی بەشێک لە وشەکان کاریگەریی ئەرێنیان هەیە، بەڵام بەشێکی دیکەیان سۆزدارییین و دۆخێکی نەرێنیی دروستدەکەن. واتە بیستنیان دەبێتەهۆی ئەوەی کە سۆزو هەڵوێستی ناخۆش دروستبکات. بەشێکیش دوولایەنەن، ئەوانەی کە نەرێنین هێزی جولاندنیان وەکیەک نییە، هەندێکیان بەهێزو هەندێکی دیکەیان لاواز. لە خراپترین باردا ئەو راگەیاندنانەی کە دەسەڵاتێک فەرمانی پێدەکات بۆ بەکارهێنانی وشەیەکی تایبەتو بەکارهێنانی وشەیەکی دیکە، کارەساتێکی زمانیی دروستدەبێت یاخود نەبوونی سانسۆری وەزارەتی رۆشنبیریی لەسەر دراماو بەرنامەکان، کاریگەریی ئێجگار خراپ لای تاکەکان دروستدەکات.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(1).paper7 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.1, March.2021

## 3.2: یاساکانی زمان و ڕێسا پیشەییەکانی ڕاگەیاندن لەبەرنامە کۆمیدییەکانی تەلەڤزیۆنە کوردییەکاندا

ئەگەر یاساکانی زمان و ئاستەکانی؛ ئامانج لێیان دروست بەکارهێنانی زمان بێت لەرووی نووسین و قسەکردنەوە، ئەوا ڕێسا پیشەییەکانی ڕاگەیاندن و پێوەرەکانی بەرپرسیارێتی، وردبینیی و ڕاستگۆیی، سەربەخۆیی، ئازایی و ئازادی، جیاکاریی و بێلایەنی، بابەتیی و دەستپاکی، هاوسەنگی، تایەتمەندێتی، دادوەریی، پاراستنی نهێنی، ناساندن و جوانکاریی، ڕێزگرتنی بەهاکان، هاریکارینەکردنی دەزگا سیخوڕییەکان؛ ئامانج لێی دروست بەکارهێنانی ڕاگەیاندن و ئەو پەیامانەیە کە لەرێی ئامرازە جۆربەجۆرەکانییەوە بەشێوەی هەواڵ، ڕاپۆرت، بەرنامە، فلم و شانۆ و دراما و ...هتد چاپ و پەخش و بڵاودەکرێنەوە (ئەیڤەس، 2005: 71-103).

سنوری جوگرافیی ئەم توێژینەوەیە لە هەرێمی کوردستان بە پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکانییەوە پێکدێنێت کە ناوچەیەکی زۆرینە کوردنشینە و دەکەوێتە باکوری کۆماری فیدراڵیی عێراق؛ لەمادده 117ی دەستوردا وەک قەوارەیەکی نیمچەسەربەخۆ ناسێنراوە (دەستوری عێراق، 2005). ئەم هەرێمە خاوەنی کەسایەتی مەعنەویی و یاسایی خۆیەتی، بەشێوەیەکی سەرەتایی هەریەک لە دەسەڵاتەکانی دادوەریی، ڕاپەڕاندن، یاسادانان و دەسەڵاتی گریمانەیی ڕاگەیاندنی جیاکردونەتەوە، بەڵام زۆرتر و زیاتر لەژێر هەژموونی حزبە سیاسییەکان و کەسی یەکەمی حزب و سەرکردەکانیاندایە. هەریەک لەو دەستەڵاتانەیش کەمترین ئاستی پیشەییبوون و سەربەخۆیی خۆیان پاراستووە، بەتایبەت لەسەروەختی هەڵمەتەکانی بانگەشەی هەڵبژاردن، ململانێی سیاسیی و قەیرانە جۆربەجۆرەکاندا (Aivas, 2017).

ئەو جیانەکردنەوەو سەربەخۆنەبوونەش، خەسڵەتی ناسراوی ئەزموونی 30ساڵی فەرمانڕەوایی هەرێمی کوردستانە کە لەدوای ساڵی 1991 و نەمانی دەسەڵاتی حکومەتی نێوەندی عێراق وایکردووە هاووڵاتیان بەگشتی، بەرهەمهێنەران و بەکارهێنەرانی ڕاگەیاندنی کوردییش بەتایبەتیی بەسەر ئایدۆلۆژیای حزبەکان و لایەنگر و ڕکەبەرانیاندا دابەش ببن. لەو نێوەندەشدا، نەبوونی ڕاگەیاندنێکی پیشەوەری نیشتمانیی کە هەلی چوونیەک و یەکسان بۆ هەمووان برەخسێنێت، ئاستەنگێکی گەورەی بەردەم پرۆسەی گواستنەوەی ئەزموونی فەرمانڕەوانیی ئەم هەرێمە بووە لە دیکتاتۆرییەوە بۆ دیموکراسی (Syan, 2017). لەم قۆناغە ڕاگوزەرەی دیموکراسیی پاش ململانێکانیشدا، حزبە سیاسییە کوردییەکان و سەرکردەو کارەکتەرە ناسراوەکانیان لەهەرێمی کوردستانی عێراقدا، پشکی شێری خاوەندارێتیی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنیان بەردەکەوێت و ئەوانیش بەسەر چەند جۆرێکدا دابەشبوون:

**جۆری یەکەم؛** ئەو تەلەڤزیۆن و کەناڵانەی دیکەی ڕاگەیاندن دەگرێتەوە کە سەرچاوەی داهات و دارایی و سیاسەتی ڕاگەیاندنیان ڕاستەوخۆ پشت بە حزبە سیاسییەکان دەبەستێت و زمانحاڵی فەرمیی ئەوانن. هەربۆیە پەیامەکانیشیان ڕەنگدانەوەی سیاسەتی فەرمیی ئەو حزبانەیە و هەرجۆرە بەرنامە و هەواڵ و زانیارییەکیش پێشکەش بکەن، دەبێت لەچوارچێوەی ئەو سیاسەتە فەرمییەی حزبەکاندا بێت. هەریەک لە کەناڵە ئاسمانییەکانی گەلی کوردستان، سپێدە و پەیام نمونەی دیاری ئەمجۆرەن.

**جۆری دووەم؛** ئەو دەزگا و دامەزراوانەی ڕاگەیاندنن کە لەلایەن کەسایەتییە سیاسیی یان بازرگانەکانەوە پشتگیریی دەکرێن کە تاڕادەیەک سنوری ئازادییەکانی دەربڕین و ڕۆژنامەوانیی تیایاندا بە بەراورد بە ڕاگەیاندنەکانی زمانحاڵی حزبەکان بەرفراوانترە. لەمجۆرەیاندا، لەبری مەکتەبی ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیریی حزبەکان، ئەو کارەکتەرە و بەرژوەندییەکانی ڕەنگرێژی سیاسەتی گشتیی ڕاگەیاندنی کەناڵەکە دەکات کە لەرووی داراییەوە پشتیوان و پارێزەرییەتی، لەوانە کەناڵە ئاسمانییەکانی ئاڤا، کوردماکس و ئێن ئار تی2.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(1).paper7 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.1, March.2021

**جۆری سێیەم؛** زیاتر ئەو کەناڵ و ڕاگەیاندنە ناوچەییانە دەگرێتەوە کە زۆرتر وەک پرۆژەیەکی بچووک و بازرگانیی خۆیان ناساندووە؛ بەئامانجی دەستخستنی قازانج لەڕێی داهاتی بڵاوکردنەوەی ریکلام لەنێو ئەو زنجیرە دراما بیانیانەی بۆ سەر زمانی کوردیی وەرگێڕدراون یان دۆبلاژکراون. لەنموونەی ئەمجۆرەش هەریەک لەکەناڵەکانی زێد، نیگا و فالکۆن فاملی-ن.

لەهەریەک لەو تەلەڤزیۆنە کوردیانەدا کە لەهەرێمی کوردستانی عێراقدا دامەزراون، بەرنامەی جۆربەجۆری سیاسی، ئابوری، کۆمەڵایەتی، هونەری، کۆمیدیی و ....هتد بەرهەمهێنراون و پەخشکراون کە ئامانجی دیار و نادیاری پەیامەکانیان؛ دەربڕی سیاسەتی ڕاگەیاندنی ئەو حزب و کۆمپانیا و کەسایەتیانە بووە کە خاوەندارێتیی تەلەڤزیۆنەکانیان کردووە. بەرنامە کۆمیدییەکانی ئەو تەلەڤزیۆنانە و ئاستی بەکارهێنانی زمانی ڕاگەیاندن تیایاندا، تەوەری سەرەکیی ئەم توێژینەوەیەیە. هاوکات لەنێو هەریەک لەبەرنامە کۆمیدییەکانی وەک "کەشکۆڵ" و "هەمەڕەنگ"ی جارانی تەلەڤزیۆنی ناوچەیی گەلی کوردستان، "بەرنامە"ی تەلەڤزیۆنی ناوچەیی خاک و کەناڵی ئاسمانیی کوردسات، "بەرنامەی مقۆمقۆ"ی کەناڵی ئاسمانیی سپێدە و "بەرنامەی شۆک"ی کەناڵی ناوخۆیی ئەستێرە و "بەرنامەی بەزمی بەزم"ی کەناڵی ئاسمانیی کوردماکس-دا، ئەمەی دواییان کە لەساڵانی سەرەتای دامەزراندنی تەلەڤزیۆنەکەوە لە2012ەوە تاوەکو ئێستا بەردەوامە و ئێستا بووەتە بەرتوێژی ئەم توێژینەوەیە، چونکە تەمەندرێژترین و بینراوترینیانە.

## 3. بەشی سێیەم: کۆکردنەوە و شیکردنەوەی داتای توێژینەوە

لەم بەشەداو لەرووی کردەییەوە، سەرجەم ئەو ڕێکاریانەی بۆ کۆکردنەوەی داتای توێژینەوەکە و شیکردنەوەی ئەنجامەکان بەدەستهاتوون، دەخرێنەڕوو. لەسەرەتاشدا داتا بەدەستهاتووەکانی ڕاپێوییەکە شیدەکرێنەوە پاشان شیکردنەوەی ناوەڕۆک بۆ بابەتەکانی بەرنامی بەزمی بەزم لە کەناڵی کوردماکس لەماوەی یەک ساڵی دەستکردی توێژینەوەکەدا (2018-2020) دەکرێت.


### 1.3: داتاکانی توێژینەوەکە و شیکردنەوەی ئەنجامەکانیان

لەو 145 فۆرمە دروستەی لە فۆرمی ڕاپێوی ئۆنلاینی ئەم توێژینەوەیەوە مانەوە، وەڵامەکانی بەرتوێژان جیاکرانەوەو دواتر بەمشێوەیەی خوارەوە داتاکانیان شیکرانەوە.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(1).paper7 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.1, March.2021

### 1.1.3: كەناڵی كوردماكس و ڕێژەی بینەرانی بەرنامە سەرەكییەكانی

**خشتەی ژمارە 05**: كوردماكس؛ وەک كەناڵێكی خۆشباری (ترفیهی) كوردیی سەیری بەرنامە سەرەكییەكانی دەكەم





خشتەی ژمارە 05، ئەو بۆچوونە دووپاتدەكاتەوە كە 64.1%ی بەشدارانی ڕاپێوییەكە "هەندێجار" وەک كەناڵێكی خۆشباری (ترفیهی)، سەیری كوردماكس و بەرنامە سەرەكییەكانی دەكەن.

بەپێچەوانەشەوە، 33.1%ی بەشداران "هەرگیز" سەیری ناكەن و 2.8%یش "زۆرجار" سەیری دەكەن. لەو ژمارانەوە ئەوە دەردەكەوێت كە لەلایەن زۆرینەی بەشدارانەوە؛ "هەندێجار" كوردماكس وەک كەناڵێكی سەرەكیی كاتبەسەربردن و خۆشباریی هەرێمی كوردستانی عێراق سەیر دەكرێت. واتە بەپێی سنوری پەخش و ڕێژەی بینەرانی؛ پەیامە جۆربەجۆرەكانی كەناڵەكە كاریگەریی و كاردانەوەی لەسەر وەرگرانی هەبووە. هەربۆیە زمانی ڕاگەیاندن و بەكارهێنانی بەشێوەیەكی ئەرێنیی یان نەرێنی؛ ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە لەوەی پەیامەكانی بەشێوەیەكی ئەرێنیی بكەونە بەرچاو و گوێی بینەرەكانی یاخود بەشێوەیەكی نەرێنی. بەتایبەت لەهەڵبژاردنی جۆری بەرنامە و گۆرانیی و فلم و دراما و دۆبلاژكردنیان بۆ سەر زمانی كوردی، پێویستبوو كوردماكس لە بڕیارداندا وردتربێت تاوەكو سیاسەتی ڕاگەیاندنی خۆی لەسەر بنەمای واقیعی كۆمەڵایەتی، نەریت و كولتور و كەلەپوری بینەرە سەرەكییەكانی دابڕێژێت كە كوردن و نیشتەجێی ژینگەیەكی پاش شەڕ و ململانێی نێو خۆرهەڵاتی ناوەڕاستن.

### 2.1.3: بەزمی بەزم لە كوردماكس وەک باشترین بەرنامەی كۆمیدی

**خشتەی ژمارە 06:** بەزمی بەزم لەكەناڵی كوردماكس؛ باشترین بەرنامەی كۆمیدییە كە كاتی خۆمی پێبەرمەسەر.





خشـتەی ژمارە 06، جەخت دەكاتەوە لەوەی 71%ی بەشـدارانی ڕاپێوییەكە "هەرگیز" لەگەڵ ئەو بۆچوونەدانین كە پێیوایە "بەزمی بەزم لەكەناڵی كوردماكس؛ باشـترین بەرنامەی كۆمیدییە كە كاتی خۆیـانی پێبەرنەســـەر." ئەو بۆچوونەش، لەلایەن 26.9%ی بەشـــدارانەوە "هەندێجار" پەســـەندكراوەو لەلایەن 2.1%یشـــەوە "زۆرجار" پەســـەندە. ئەوەش ئەو راســـتییە ئاشـــكرا دەكات كە بەرنـــامەی بەزمـــی بەزم كە لەلایەن زۆریـــنەی بەشـــــــدارانـــی ڕاپێوییەكەوە وەک باشـــترین بەرنامەی كۆمیدیی هەژمارنەكراوە. لێرەشـــەوە ئەوە دەســـەلمێت كە هۆكاری ســـەیركردنی كوردماكس، مەرجنییە بەرنامەی بەزمی بەزم بێت، بەڵكو دەشـــێت بەهۆی گۆرانییەكان و زنجیرە دراما دۆبلاژكراوەكانی كەناڵەكەوە بێت.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(1).paper7 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.1, March.2021

### 3.1.3: بەرنامەی بەزمی بەزم و واقیعی کۆمەڵگەی کوردی

بەپێی خشتەی ژمارە 07، ڕێژەیەکی زۆری بەشداران کە 44.1%ی ڕاپێوییەکە پێکدەهێنن، "هەندێجار" وایدەبینن کە "بەرنامەی بەزمی بەزم لەکەناڵی کوردماکس؛ ڕەنگدانەوەی واقیعی ئێستای ژیانی ڕۆژانەی کۆمەڵگەی کوردییە لە هەرێمی کوردستاندا." ئەوەش بۆچوونێکە، 40%ی بەشداران "هەرگیز" لەگەڵییدا هاوڕانین، بەڵکو بەتەنیا 15.9%ی بەشداران "زۆرجار" لەگەڵیدان. لەو ژمارانەوە، ئەوە دەردەکەوێت کە بڕگە و بابەتەکانی بەرنامەکە لەگەڵ حەز و خواستی بەشێک لە بینەرەکانییدا یەکدەگرێتەوەو ئەوەش ڕەنگە یەکێک لە هۆکارەکان بێت کە وایکردووە ببێتە دڵخوازی بەشێکی زۆر لە وەرگران.


**خشتەی ژمارە 07:** بەرنامەی بەزمی بەزم لەکەناڵی کوردماکس؛ ڕەنگدانەوەی واقیعی ئێستای ژیانی ڕۆژانەی کۆمەڵگەی کوردییە لەهەرێمی کوردستاندا.




### 4.1.3: بەرنامەی بەزمی بەزم و ناوزڕاندنی کەس و گروپەکان

خشتەی ژمارە 08، ئەوە نیشان دەدات کە 58.6%ی بەشداران کە زۆرینەن، "زۆرجار" هاوڕان لەگەڵ ئەو بۆچوونەدا کە "بەرنامەی بەزمی بەزم لەکەناڵی کوردماکس؛ بووەتە سەکۆیەکی میللیی بۆ ئاساییکردنەوەی زمانی بازاڕیی جنێودان و بەخشینەوەی تۆمەت و ناوزڕاندنی کەس و گروپەکانی کۆمەڵگەی کوردی." ئەو بۆچوونەش، "هەندێجار" لەلایەن 26.9%ی بەشدارانەوە پشتگیریی دەکرێت. لەو نێوەندەشدا، 14.5%ی بەشداران "هەرگیز" لەگەڵ ئەو بۆچوونەدا هاوڕانین. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە بینەرانی بەرنامەکە لەیەک ئاستی ڕۆشنبیریی و تێگەیشتن و هۆشیارییدانین، هەربۆیە گرنگە لەکاتی داڕشتن و گەڵاڵەکردنی سیاسەتی ڕاگەیاندن و ناوەڕۆکی پەیامەکاندا؛ جیاوازیی ڕەگەز و تەمەن و کات و شوێن و زۆر لایەنی دیکەی کۆمەڵگە و هەستیارییەکانی ناوی لەبەرچاو بگیرێن.

**خشتەی ژمارە 08:** بەرنامەی بەزمی بەزم لەکەناڵی کوردماکس؛ بووەتە سەکۆیەکی میللیی بۆ ئاساییکردنەوەی زمانی بازاڕیی جنێودان و بەخشینەوەی تۆمەت و ناوزڕاندنی کەس و گروپەکانی کۆمەڵگەی کوردی.






DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(1).paper7 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.1, March.2021

### 5.1.3: بەرنامەی بەزمی بەزم و شێواندنی زمانی کوردی

بەپێی خشتەی ژمارە 09، زۆرینەی بەشداران کە دەکاتە 56.6%ی ڕاپێوییەکە "زۆرجار" هاوڕان لەگەڵ ئەو بۆچوونەدا کە "بەرنامەی بەزمی بەزم لەکەناڵی کوردماکس؛ بووەتەهۆی شێواندنی زمانی کوردیی و شێوەزارەکانی." ئەو بۆچوونەش "هەندێجار" لەلایەن 34.5%ی بەشدارانەوە پشتگیریی دەکرێت، بەڵام بەتەنها 9%ی بەشداران "هەرگیز" لەگەڵیدا هاوڕانین. ئەوەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی زمانی ڕاگەیاندن لەم بەرنامەیەدا بەشێوەیەکی ئەرێنیی بەکارنەهاتووەو ئەوەش بووەتە هۆی دروستکردنی ئەو بڕوایەی کە بەرنامەکە لە هەوڵی شێواندنی زمانی کوردیی و شێوەزارەکانیدا بێت، بەتایبەت لەئاستی وشەسازیی و ڕستەسازیی و تێکەڵاوکردنی شێوەزارەکاندا.


**خشتەی ژمارە 09:** بەرنامەی بەزمی بەزم لەکەناڵی کوردماکس؛ بووەتەهۆی شێواندنی زمانی کوردیی و شێوەزارەکانی.




### 6.1.3: بەرنامەی بەزمی بەزم و بەرهەمهێنانی توندوتیژی

خشتەی ژمارە 10، ئەو بۆچوونە باوە سنورردارە پشتڕاست دەکاتەوە کە 46.2%ی بەشداران دووپاتیان کردوەتەوە، "بەرنامەی بەزمی بەزم لە کەناڵی کوردماکس؛ بووەتەهۆی بەرهەمهێنانی توندوتیژی زارەکیی و دەروونی." ئەو جۆرە بۆچوونەش، لەلایەن 42.1%ی بەشدارانەوە "هەندێجار" پشتگیریی دەکرێت، بەڵام لەلایەن 11.7%ی بەشدارانی ڕاپێوییەکەوە "هەرگیز" پەسەندناکرێت و لەگەڵییدا نین. لێرەشەوە، ئەوە دەسەلمێت کە خراپ بەکارهێنانی زمانی ڕاگەیاندن بووەتەهۆی ئەوەی بەشێوەیەکی نەرێنیی پەیامەکانی بەرنامەکە بگاتە بینەرەکانی، چونکە لەلای بەشێکی زۆریان ئەو بۆچوونە چەسپیوە کە بەزمی بەزم بەرنامەیەکە لێیەوە توندوتیژی زارەکیی و دەروونیی بەرهەمدێت.

**خشتەی ژمارە 10:** بەرنامەی بەزمی بەزم لەکەناڵی کوردماکس؛ بووەتەهۆی بەرهەمهێنانی توندوتیژی زارەکیی و دەروونی.







DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(1).paper7 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.1, March.2021

### 7.1.3: بەرنامەی بەزمی بەزم و تۆخكردنەوەی جیاوازییە رەگەزییەكان


**خشتەی ژمارە 11:** بەرنامەی بەزمی بەزم لەكەناڵی كوردماكس؛ بووەتەهۆی تۆخكردنەوەی جیاوازییە رەگەزییەكانی نێوان نێر و مێ.




لەخشتەی ژمارە 11دا، ئەوە دەردەكەوێت كە 46.9%ی بەشداران "هەندێجار" هاوڕان لەگەڵ ئەو بۆچوونەدا كە "بەرنامەی بەزمی بەزم لەكەناڵی كوردماكس؛ بووەتە هۆی تۆخكردنەوەی جیاوازییە رەگەزییەكانی نێوان نێرو مێ." ئەو بۆچوونەش، "زۆرجار" پشتگیریی 42.8%ی بەشدارانی راپێوییەكەی هەیە و هاوڕان لەگەڵییدا، بەڵام تەنیا 10.3%ی بەشداران "هەرگیز" لەگەڵیدانین. جیاوازیی ئەم رێژانەش، ئەوە دەسەلمێنێت كە خراپ بەكارهێنانی زمانی راگەیاندن لەلایەن ئەكتەرانی بەرنامەكەوە بووەتە هۆكارێك بۆ بەرهەمهێنانی جیاكاریی جێندەری. ئەوەش وای لەبینەران كردووە، ئەو تێڕوانینە نێرسالارییەی كۆمەڵگەی كوردیی زیاتر لەبەرنامەكەدا رەنگبداتەوە كە هەمیشە نێرینە پلەیەك و مێیینەش پلەدووە. ئەمەش هەمان ئەو دەرەنجامەیە كە لەشیكردنەوەی ناوەڕۆكی ئەڵقەكانی بەرنامەكەدا دووبارەبوەتەوە.

### 8.1.3: بەرنامەی بەزمی بەزم و تێكدانی زەوق و سەلیقەی بینەران

**خشتەی ژمارە 12:** بەرنامەی بەزمی بەزم لەكەناڵی كوردماكس؛ بووەتەهۆی تێكدانی زەوق و سەلیقەی بینەرانی و رێزنەگرتنی خواستەكانیان.




خشتەی ژمارە 12، ئەوە پشتڕاست دەكاتەوە كە 62.8%ی بەشداران "زۆرجار" هاوڕان لەگەڵ ئەو بۆچوونەدا كە "بەرنامەی بەزمی بەزم لە كەناڵی كوردماكس؛ بووەتە هۆی تێكدانی زەوق و سەلیقەی بینەرانی و رێزنەگرتنی خواستەكانیان."

ئەو بۆچوونەش، "هەندێجار" لەلایەن 26.9%ی بەشدارانەوە پشتگیریی دەكرێت و بەتەنیا 10.3%ی بەشداران "هەرگیز" لەگەڵیدانین. جیاوازیی ئەم رێژانەش بەڵگەیەكی دیكەیە لەسەر باش نەگەیاندنی پەیامەكانی بەرنامەكە یاخود هەر لەبنەڕەتدا نەبوونی ئامانجی روون و ئاشكرا لەپشت خستنەڕووی دیاردە و دەركەوتەكانی كۆمەڵگە لەرێی ئەو پەیامانەی لەم بەرنامەیەوە بە وەرگر یان بینەران دەگات. هەڵبەت لەهەر پرۆسەیەكی پەیوەندییكردندا و لەنێوان نێرەرو وەرگردا زیاد لەهۆكارێك هەیە بۆئەوەی كە پەیامێك كاریگەربێت؛ گرنگترینیان لەبەرچاوگرتنی زەوق و سەلیقەی بینەران و رێزگرتنی خواستەكانیانە نەك بەهەندوەرنەگرتن وفەرامۆشكردنیان. بەبڕوای توێژەران؛ ئەگەر ئەو دۆخە نەرێنییەی بەرنامەكە دووبارە بێتەوەو بەردەوام بێت، ئەوا بینەریش زۆر بەئاسانیی دەتوانێت كۆنترۆڵی تەلەڤزیۆنەكەی



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(1).paper7 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.1, March.2021

بگۆڕێت، ئەگەر هاتوو حەز و خولیا و خواستەکانی خۆی لەبڕگە و بابەتەکانی بەرنامەکەدا نەبینییەوە یاخود وەک پێویست گرنگیی پێنەدرا.

## 9.1.3: بەرنامەی بەزمی بەزم و بەدگۆیی منداڵان و هەرزەکاران

بەپێی خشتەی ژمارە 13، زۆرینەی بەشداران کە دەکاتە 69.7%ی کۆی ڕاپێوییەکە "زۆرجار" هاوڕان لەگەڵ ئەو بۆچوونەدا کە "بەرنامەی بەزمی بەزم لەکەناڵی کوردماکس؛ بووەتەهۆی زیاتر بەدگۆیی و لاساریی منداڵان و هەرزەکاران".


**خشتەی ژمارە 13:** بەرنامەی بەزمی بەزم لەکەناڵی کوردماکس؛ بووەتەهۆی زیاتر بەدگۆیی و لاساریی منداڵان و هەرزەکاران.




ئەوەش بۆچوونێکە، "هەندێجار" پشتگیریی بەشێکی دیکەی بەشدارانی ڕاپێوییەکەی هەیە کە دەکاتە 21.4%. لەو نێوەندەشدا بەتەنیا 9%ی بەشداران "هەرگیز" لەگەڵیدا هاوڕانین. ئەو دەرەنجامەش دووپاتکردنەوەی هەمان ئاستی خراپ بەکارهێنانی زمانی ڕاگەیاندنە لە بەرنامەکەدا کە وایکردووە هەندێک لەخێزانەکان ڕێگەنەدەن منداڵ و هەرزەکارەکانیان ببنە بینەری بەرنامەی بەزمی بەزم. بەتایبەت کە هەندێ لەدیمەنەکانی ئەم بەرنامەیە وشە و ڕستە و هێما و ئاماژەی نەشیاوی ئەوتۆی تیابن کە بووبێتە هۆکاری زیاتر بڵاوکردنەوەی لاساریی و بەدگۆی، لەوانە جنێودانی بازاڕیی و بەکارهێنانی زمانی دەربڕینی سۆزداریی و ئاماژەی سێکسی نێوان ئەکتەرەکان. ئەمەش یەکێکی دیکەیە لەو دەرەنجامانەی کە توێژەرانی ئەم توێژینەوەیە لەشیکردنەوەی ناوەڕۆکی بەرنامەکەدا تێبینیان کردووەو دووبارەبووەتەوە.

## 10.1.3: بەرنامەی بەزمی بەزم و بێبەهاکردنی هونەریی و پیشەیی

**خشتەی ژمارە 14:** بەرنامەی بەزمی بەزم لەکەناڵی کوردماکس؛ بووەتەهۆی بێبەهاکردنی ئەتەکێتی کارکردنی هونەریی و پێشێلکردنی پێوەرەکانی ڕێسا پیشەییەکانی ڕاگەیاندن.





لەخشتەی ژمارە 14دا، ئەوە دەردەکەوێت کە 72.4%ی بەشداران کە زۆرینەی ڕاپێوییەکە پێکدەهێنن؛ "زۆرجار" هاوڕان لەگەڵ ئەو بۆچوونەدا کە "بەرنامەی بەزمی بەزم لە کەناڵی کوردماکس؛ بووەتە هۆی بێبەهاکردنی ئەتەکێتی کارکردنی هونەریی و پێشێلکردنی پێوەرەکانی ڕێسا پیشەییەکانی ڕاگەیاندن". ئەو بۆچوونەش، "هەندێجار" پشتگیریی 22.8%ی بەشدارانی ڕاپێوییەکەی هەیە و هاوڕان لەگەڵییدا. لەو نێوەندەشدا بەتەنیا 4.8%ی بەشداران "هەرگیز" لەگەڵیدانین. هەڵبەت زەوق و سەلیقەی بینەران بەجۆرێکە دەتوانن بەرهەمێکی هونەریی باش و ئەرێنیی لەبەرهەمێکی خراپ و نەرێنیی جیابکەنەوە. هاوکات بەشی ئەوەندەش هۆشیارن کە بزانن بەرهەم و پەیامەکانی ڕاگەیاندن چۆن و بە چ شێوەیەک بڵاوبکرێنەوە. بەتایبەت پێوەرەکانی جوانکاری، وردی، ڕاستگۆی، بەرپرسیارێتی، دەستوەرنەدانە نێو ژیانی تایبەتی کەسەکان لەو زنجیرە ڕێسا پیشەییانەی ڕاگەیاندنن کە پێویستە لەبەرچاوبگیرێن. هەربۆیە، هەرجۆرە کەمتەرخەمییەک یان

پێشێلکردنێکی پێوەرەکانی ئیتیک و ئەتەکێتی کارکردن وا لەبینەران دەکات لەبینینی بەرنامەیەک و دواتریش تەلەڤزیۆنەکەش بکشێنەوەو بەشێوازی تایبەتی خۆیان سزای بدەن.

### 11.1.3: بەرنامەی بەزمی بەزم و بێبەهاکردنی بنەما پەروەردەییەکان

خشتەی ژمارە 15، ئەوە پشتڕاست دەکاتەوە کە زۆرینەی بەشدارانی ڕاپێوییەکە کە دەکاتە 65.5% "زۆرجار" لەگەڵ ئەو بۆچوونەدا هاوڕان کە "بەرنامەی بەزمی بەزم لە کەناڵی کوردماکس؛ بووەتەهۆی بێبەهاکردنی بنەما پەروەردەییەکان و سوکایەتییکردن بە خێزانی کوردیی و تایبەتمەندییەکانی." ئەو بۆچوونەش، لەلایەن 28.3%ی بەشدارانەوە "هەندێجار" پشتگیریی دەکرێت و بەتەنیا 6.2%ی بەشدارانن کە "هەرگیز" لەگەڵیدانین. لێرەشەوە ئەوە دووپات دەبێتەوە کە خراپ بەکارهێنانی زمانی ڕاگەیان لەم بەرنامەیەدا بەجۆرێکە وای لەبەرتوێژان کردووە؛ هەست بکەن سوکایەتیی بەتایبەتمەندییە خێزانییەکانیان دەکرێت و لەڕێی ئەو دیمەن و ئاماژە و وشە و ڕستانەی ئەکتەرانی بەرنامەکە بەکاریدەهێنن، هیچ بەهایەک بۆ بنەما پەروەردەییەکان نەهێڵرێتەوە. هەربۆیە بەشێکی زۆر لەو خێزانانەی پەیوەستن بەژیانی هاوبەش و ڕێزگرتنی پێوەر و بنەما ئاکارییەکانی نێوان تاکەکان، ئەمجۆرە بەرنامانە ڕەتدەکەنەوەو کەمتر سەیری بڕگە و بابەتەکانی دەکەن.

**خشتەی ژمارە 15:** بەرنامەی بەزمی بەزم لەکەناڵی کوردماکس؛ بووەتەهۆی بێبەهاکردنی بنەما پەروەردەییەکان و سوکایەتییکردن بەخێزانی کوردیی و تایبەتمەندییەکانی.




### 2.1.3: بەرنامە کۆمیدییەکان و شیکردنەوەی ناوەڕۆکی بابەتەکان

لێرەدا شیکردنەوە بۆ ناوەڕۆکی بابەتەکانی دوانزە بەرنامەی "بەزمی بەزم" لەکەناڵی کوردماکس وەک یەکێک لەبەرنامە کۆمیدییەکانی تەلەڤزیۆنە کوردییەکان دەکرێت کە بەشێوەیەکی هەڕەمەکی؛ ساڵێکی دەستکرد لەنێوان ساڵانی 2018 و 2019 و 2020دا دروستکراون. ئەوەیش بەئامانجی باشتر تێگەیشتن لە کاریگەرییەکانی خراپ بەکارهێنانی زمانی ڕاگەیاندن لەو جۆرە بەرنامانەدا.

لەپێگەی فەرمیی کەناڵەکەدا نووسراوە؛ "کوردماکس لەلایەن گروپی ئیدکۆ (Edico Group) لەساڵی 2012دا دامەزراوە. بەهۆی سەرکەوتنە نایابەکەیەوە، کوردماکس چەند قۆناغێک چووەپێش و لەڕووی بیرۆکە و بەرنامەی نایاب لەو کەناڵانەی کردنییەوە؛ گۆڕانکاریی بەسەر کەناڵە تەلەڤزیۆنییەکانیدا هێنا. سەرەتاکانی ئەم گەشتەی بەوەرگێڕانی زنجیرەی دراما بیانییەکان بۆ سەر زمانی کوردیی و دۆبلاژکردنیان دەستپێکرد. دواتر دەستیکرد بە بەرهەمهێنانی بەرنامەی کۆمەڵایەتی، هونەری، خواردەمەنیی و مۆدە و بەرنامەکانی دیکەشی تەرخانکرد بۆ بانگهێشتی میوانەکان. بێلایەنی، ڕێزگرتن و ڕەچاوکردنی بەها کۆمەڵایەتییە بەرزەکان؛ ئەو تایبەتمەندییە دیارییکراوانەن کە کوردماکس بە بەردەوامیی پێوەیان پابەندبووە. تیمێکی پێگەیشتووی هۆشیار بەشداریی لەبەڕێوەبردنی کارەکاندا دەکەن و گرنگیی بە داخوازییەکانی جەماوەر دەدەن کە ئەوەش پەیوەستە بەهەبوونی دەستەیەک کارمەندی بەتوانا لە بوارەکانی ڕاگەیاندندا. هەموو ئەوانە بەسەریەکەوە وایکردووە کە کوردماکس هەر بەتەنها کەناڵێکی خۆشباری (entertainment channel) نەبێت، بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی بایەخدانی بە نەریتەکان و کاروبارە کۆمەڵایەتییەکان؛ بووەتە کەناڵێکی خێزانی (family channel). ئامانجی کوردماکس هەر بەتەنها لە خۆشباریی و کات بەسەربردنی بینەرەکانییدا کورت نەبووەتەوە، بەڵکو کەناڵەکە بە بەردەوامیی کار لەسەر پێشکەشکردنی زانیاریی سوودبەخش بە بینەرەکانی و یەکخستنی خێزانە


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(1).paper7 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.1, March.2021

کوردییەکان دەکات. ئەوەش هاوکاتە لەگەڵ گەشەپێدانی مێشکی بینەرەکانی لە ڕێگەی بایەخپێدانی کەناڵەکە بە بوارە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەی کوردی، ئەوەش وایکردووە زۆرتر وەک کەناڵێکی خێزانیی بناسرێت. بەهۆی ئەو ڕۆڵە سەرنجڕاکێش و پڕبینەرییەی کەناڵەکە، کوردماکس بە بەردەوامیی هەوڵی دۆزینەوەی هەموو شتێکی هاوچەرخ و نوێ دەدات؛ لەپێناو مانەوەی پێگەکەییدا. تەوەری ئامانجەکانی کوردماکس خۆی لە خۆشەویستیی ژیان، خۆشبەختیی، گۆڕانکارییکردن، ئازایەتیی و هاندانی ئەوانیدیکەدا دەبینێتەوە. کوردماکس هەموو تەمەن و نەوەکان لەبەرچاو دەگرێت و خزمەتی منداڵان و بەساڵاچووانیش دەکات. بەلەبەرچاوگرتنی خزمەتگوزارییە تەلەڤزیۆنییەکان، کوردماکس بلۆگێکی لە یوتیوب و چەندین پەیج و ئەکاونتی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەدا هەیە کە لەڕێییەوە بینەران دەتوانن لەگەڵ کەناڵەکەدا لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت لەپەیوەندییدا بن. ئێستا کەناڵی کوردماکس؛ گروپێکی میدیایی گەورەیە و چەند کەناڵێکی تەلەڤزیۆنیی وەک کوردماکس پەپولە، کوردماکس شۆو، کوردماکس میوزیک-ی هەیە. ئامانجی سەرەکیی تۆڕی میدیایی کوردماکس؛ بایەخدانە بەهەموو تەمەن و بوارە جیاوازەکان، ئەو ئامانجەش وایکردووە ببێتە کەناڵێکی نایاب کە هەموو تاکەکانی خێزان بەدوایدا بچن و سوودی لێ ببینن." (کوردماکس، 2020).

بەلەبەرچاوگرتنی ئەو خۆناساندن و بازاڕسازییە ئەرێنییەی کەناڵەکە بۆخۆی کردووە و بەپێی سەرچاوە زانستییەکان و ئەزموونی ڕۆژانەی تاکەکان؛ وشە و واتاکەی لە بەکارهێنانی نێو یاسا و ڕێساکانی زماندا دەردەکەون کە دەوروبەر لەچوارچێوەی پەیوەندییەکاندا گرنگییەکی تایبەتیی بۆ بەش و ئاستەکانی زمان هەیە و لەسەرجەم بابەتە نوسراو و وتراوەکاندا ڕۆڵی خۆی دەبینێت. بەپێی یاساکانی زمان؛ وشەکان لە دەنگناسیی (phonology) و پێکهاتەی ڕستەسازیی (syntax morphology) تەواودا دروست دەبن، بەڵام زۆرجار نادروستیی ئەو دەربڕاوانە بە ژیانی کۆمەڵایەتییەوە بەندەو کۆمەڵگا ئەو دەربڕاوانە بە نادروست لێکدەداتەوە. دەوروبەر، سەرجەم هەلومەرجە زمانییو نازمانییەکان ڕووندەکاتەوەو مانایان دەداتێ، هاوکات کولتورەکانیش کۆتو بەند بۆ دەربڕاوەکان دادەنێن. هەموو دەربڕاوێک کە لە کات و شوێنی خۆیدا دەردەبڕدرێت، دەبێت ڕەچاوی لایەنی دەروونیی بەرامبەری تیابکرێت. ناکرێت قسەکەر بەویستی خۆی و لە هەموو شوێنێکدا هەموو شتێک بڵێ و پەیامێکی نەبێت. لێرەدا ئەوەی ئەم توێژینەوەیە مەبەستییەتی، زۆرتر کارکردنە لەسەر بەکارهێنانی زمانی ڕاگەیاندن و بەدیارییکراویش مەبەست لە "بەرنامەی بەزمی بەزم"ی کەناڵی کوردماکس-ە وەک یەکێک لەتەمەندرێژترین بەرنامە کۆمیدییەکانی تەلەڤزیۆنە کوردییەکان لەهەرێمی کوردستانی عێراقدا. ئەو دەربڕراوانەی لە خشتەی ژمارە 16دا هاتوون، دیارترین بابەتی مشتەی هەڵبژێردراوی ئەم توێژینەوەیەن کە کۆمەڵگا و کولتور و کەلەپوری کوردیی تیا بەهەند وەرنەگیراوەو ئامانج لێی بەکارهێنانی زمانی ڕاگەیاندنە. زمانێکی خراپ و پڕاوپڕ لە جنێوو دەربڕراوی نادروست و نامۆ بە دنیای هاوچەرخ کە تەواو پێچەوانەی ئەو ئامانجانەیە کە کوردماکس وەک کەناڵێکی خۆشباریی خێزانیی بانگەشەیان بۆ دەکات.

**خشتەی ژمارە 16:** زمانی ڕاگەیاندن لە بەرنامەی بەزمی بەزمی کەناڵی کوردماکس و دیارترین وشە و فرێز و ڕستە بەکارهاتووەکانی

| وشەکان | فرێزەکان | ڕستەکان |
|---|---|---|
| تڕحێو | ملی شکاو | عەمرت نەمێنێ |
| وەحشی | سەری سیر | ڕووت ڕەشبێ |
| ناجسن | قونی پیاز | گو بخۆ |
| ناصالح | نیوەزەلام | درۆ ئەکات |
| چەنەبازی | ماکەرەسورە | چارت دەوێ |
| بەشەرەفم | مریشکی سەگباب | بەخێر نەیەیتەوە |


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(1).paper7 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.1, March.2021

| ناپیاو | کەناری ژەنگدار | چیت پێیە بەرییەوە |
|---|---|---|
| گا | زەلامی بێعەقڵ | - باوکەڕۆ ئەمە ژنە یان حاسیبەیە؟<br>- ئەمە ژنە یان عەلەتریکە؟ |
| گاجووت | | رووی بابت رەشبێ |
| هیچ و پووچ | | ئادەی تۆ بۆی لێدەرەوە |
| قوزەڵقورت | | نازانم ئەمە فلیم دەکات یا تارات |
| کەر | | لێم مەپرسە؛ وەحشی |
| کەرانی | | درۆ ئەکەیت |
| نێرەکەر | | ئەم زەلامە بێعەقرە چییە؟ |
| بێعەقڵ | | داوەشێت |
| | | ملت بشکێ |
| تو شەرەف | | گاسەر جۆی گرتییە |
| | | ملت بشکێنە و برۆ |
| بێئەخلاق | | باوکت لە تەماتەی تەپیو ئەچێت |
| ئەدەبسز | | سەرو فەساڵت خواتەوە |
| حەیوان | | بە شەرەفم تۆش لە بزن ئەچی |
| قسەی قۆڕ | | خۆت کەر مەکە |
| زەهری مار | | من پشقل و ئەمە تەپاڵە |
| کەری دێز | | ئاخر خۆتان بێعەقڵ و کەرن |
| سوک | | |
| درۆزن | | |
| گوو | | |
| خوێڕی | | |
| هەتیم | | |
| چەتیو | | |
| تڕکەن | | |

## 1.2.1.3: بەرنامەی بەزمی بەزمی کوردماکس و بەئامانجگرتنی پێکەنین

ئەگەرچی "پێکەنین" و "پێکەنیناوی بوون" یەکێکە لەئامرازە دیارەکانی هەر بەرنامەیەکی کۆمیدیی کە لەرێگەیەوە بینەران بخاتە دۆخێکی خۆشباریی ئەوتۆوە کە بۆ چەند ساتێک لەخەم و کێشە و ئازارە رۆژانەییەکانیان دووربکەونەوە، بەڵام دەبێت لەپشت هەر پێکەنینێکیشەوە پەیامێکی روونی ئامانجدار هەبێت. واتە بەرنامە کۆمیدییەکە بکرێتە ئامرازێک بۆ بەدیهێنانی ئامانجگەلی سیاسی، کۆمەڵایەتی، کولتوری، ئابوریی و ...هتد؛ نەک تەنها و تەنها لەپێناو پێکەنیناوی بوون و بەپێکەنین هێنانی بینەراندا ئامانجە بنەڕەتییەکان لەیاد بکرێن. لەمیانی 12ی ئەڵقەی جیاوازەوە، بەرنامەی بەزمی بەزم لەکەناڵی کوردماکس پێچەوانەی ئەو ئامانجە سەرەکییە کاریکردووە کە بەرنامەکەی لەپێناودا دامەزراوە کە ئەویش نمایشکردنی دیاردە و دەرکەوتە نەشیاوەکانی کۆمەڵگەی


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(1).paper7 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.1, March.2021

کوردیی و راستکردنەوەیانە لەرێی کۆمیدیاوە. لەدیارترینی ئەو نموونانەی لەم 12 ئەڵقەیەی بەرنامەکەدا بەرچاوکەوتوون، ئەمانەی خوارەوەن:

"- *هەواڵی کەسناسی ...*
- *رەختەری ئەختەر، ئەختەری رەختەر، رێکخەری ئەختەر ..."* [1]
" - *پێکەنین یاری بە دڵ دەکات ...*
- *سمێڵ فشی، هەموو گیانی فش ...*
- *عونەی عونانی عونان منیش وەک ئەکتەرێکی کۆمیدی دڵم کون کونە...*
- *لەبەرنامەی نوقەت بێ نوقەت بێ بە شاپ فرێت دەدەینێ دەرێ ...*
- *ئەدی لۆ پرچم دێشێ ...*
- *ئەوە چییەتی، نیازیەتی بپژمێ و پەشیمان بوەتەوە ...*
- *بەخوا قسەی وای بۆئەکەم یەک کونە میز بکا بەخۆیا ...*
- *وتیان ئەمە بوکەکەیان بەکۆمپیتەرهێناوە ...*
- *ئەها تو شەربەت، تو شەرەف قەت ئەوەندە پێکەنیوی ...*
- *من بچم بۆ ئەو شاخ و داخە هیچم پێنەبێ، قابیلە بەجنێو راو بکەم ..."* [2]

"*-جنێو فرییە، جنێوی پێبدە، بەس لێی قبوڵ مەکە ..."* [3]
" - *کورە مێشکم تەقی ...*
- *بۆ مێشکت کۆنکەن دەکات؟*
- *هومێیەوارم ئەم گولانەم لێ قبوڵ بکەن ...*
- *ئۆو یانی باوکت شووی کردوەتەوە و دایکیشت ژنی هێناوە ...*
- *ئەمن وەختی خۆی جیرانی تو بووم، سێ مار لەولا بووم گوێم لەدەنگی تڕی توو دەبوو ...*
-- *ئەوە پرخەپرخمان حەلکرد، ئەدی هەوایەکەت ...*
- *لەئەوروپا چەند رۆمانسیین بە رۆنی ماسی، دەی بۆمان باسکە ..."* [4]

" - *ئەها دڵم، برنجی بڵم، وەک قالۆنچە عەشقی گڵم ...*
- - *زۆرم خۆشەوێی ژنی تازە و لۆک، لەبەر خاتری تۆ باوکم کرد بلۆک ...*
- *قرمە قرمێک لەسکیا پەیا بووبوو باوەڕکە هەموو خەڵکی گەڕەک بەخەڵەت لێی تێدەگەیشتن ..."* [5]

" - *عاجز مەبە خوشکت ئەگێرم بەو بازاڕەیا، ئەیهێنمەوە ئەڵێم ئەمە براکەتە ...*

---

[1] . بڕوانە ئەڵقەی 07ی بەرنامەی بەزمی بەزمی کەناڵی کوردماکس لەرۆژی 24ی ئاداری 2020دا.
[2] . بڕوانە ئەڵقەی 11ی بەرنامەی بەزمی بەزمی کەناڵی کوردماکس لەرۆژی 27ی حوزەیرانی 2020دا.
[3] . بڕوانە ئەڵقەی 16ی بەرنامەی بەزمی بەزمی کەناڵی کوردماکس لەرۆژی 23ی حوزەیرانی 2018دا.
4 . بڕوانە ئەڵقەی 56ی بەرنامەی بەزمی بەزمی کەناڵی کوردماکس لەرۆژی 25ی ئایاری 2019دا.
5 . بڕوانە ئەڵقەی 59ی بەرنامەی بەزمی بەزمی کەناڵی کوردماکس لەرۆژی 15ی حوزەیرانی 2019دا.

*- بەقورعان برغوی 13ی لێنابیَ ئەیخۆم ...*
*- دوورهێنەرێک لەماوەی حەوت ڕۆژدا شڵپە لەفیلمێک هەڵدەسێنێت ...*
*- نازانم ئەمە فیلم دەکات یان تارات دەگریَ، شڵپەی لێهەڵدەسێنیَ ...*
*- ئەی ئەم زرم و هورە تەقە نەبوو چییە، قۆڵۆنت هەیە؟*
*- وەڵاهی تەلەڤزیۆن نەبوایە ئەموت ئاخ شیرٍ ..."* [6]

*"- بینەرانی خۆشەویست ئەم حەفتەیەش بەناخێری گیانمان بەیەک دەگەینەوە ....*
*- بەهۆی دروستکردنی ئامێرێکەوە ناویان چووەتە کتێبی جنسەوە، گیسکەوە، هین گینسەوە ...*
*- هیواتەختەم، هیواتێلام، هیوادارم، هیوادارم کە ئەمە پشتیوانی بکەن، ......*
*- خۆشحاڵم کە تەیارەکە خۆی مەحەلەبییە، مەحەلییە ...*
*- بەڵیَ کاک ئیستیۆپ وادیارە ئەو زەلامە ئەحمەد ڕەئوفی نەما بوو بۆیە چوویتە ناو دوکانەکەی ...*
*- ئۆوو بەیبی پێویست ناکات لەخۆو بەی، ئێمە نەفەرمان هەیە لێوبات ...*
*- ئێمە جومعە و خەمیسین؛ زۆر عەنتیکە و خەبیسین ...*
*- ئێمە لەهەر شوێنێکا بین وەک تەباخ واین گەرمی دەکەین ...*
*- خێرایی خەتی ئەنتەرنێتەکەمان یەکسانە بەخێرایی کیسەڵ ..."* [7]

## 2.2.1.3: بەرنامەی بەزمی بەزم و برەودان بە زمانی بازاڕیی و جنێودان

زمان؛ ئامرازێکی شیاوی پێکەوەبەستنە نەک لێکترازاندن. ئەو دەوروبەرە نازمانییەی کە لە ئەڵقەکانی بەرنامەی بەزمی بەزمی کەناڵی کوردماکس-دا دەبینرێت، شانۆیەکە بەدەر لە دەق. ئەو نمونانەی کە بەکارهاتوون نیشانەی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵێک کەس دەردەخات کە وشە بەکارهاتووەکانیان ئاستێکی نزمی بەکارهێنانیان هەیەو دەتوانرێت پێیبوترێت زمانی شەقام یان زمانی بازاڕی. ئەوەش، لەکاتێکدایە کە زمانی ڕاگەیاندن دەبێت نمونە جوانەکانی کۆمەڵگە پیشان بدات و ئاستی خوێندن، چین، پیشە، توخم، تەمەن، پلەوپایەی کۆمەڵایەتیی سەردەمییانە بخاتەڕوو نەک کۆمەڵگەیەکی پیاوسالارو ئاستنزم لە خوێندن و پلەوپایەی ناڕۆشنبیریی کۆمەڵگە بخاتەڕوو. بۆنموونە، بەکارهێنانی وشەکانی "بەشەرەفم، پیاونەبم" لەچەندین ئەڵقەی بەرنامەی بەزمی بەزم-دا ئەوە دووپاتدەکاتەوە کە هەمیشە پیاوانن سەردەستەی کۆمەڵ و بڕیاردەر؛ لەو نێوەندەشدا ژنان وەک چینێکی ستەملێکراو وێنا دەکرێن. هاوکات بەکارهێنانی وشەی "هەتیم، چەتیو" ئامانج لێی گاڵتەکردنە بەو کەسانەی کە بەهۆی بارودۆخێکەوە دایک یان باوکیان لەدەستداوە، بۆیە ناکرێت بەوهۆیەوە کەسانێک بشکێنرێن و وەک توانجێک ئەو جۆرە وشانەیان لەبەرامبەردا بەکاربهێنرێن. ئەوەی لەم بەرنامەیەدا جێی سەرنجە، هێندەی وشە و فرێزو ڕستەی ناجۆرو تابۆ بەکاردەهێنرێت، هێندە پەیامێکی ڕوونی پەروەردەیی، ڕۆشنبیریی و هۆشیارییان تێدا نییە. بەپێچەوانەوە، جنێودان و گاڵتەکردن بە زۆربەی بەهاکان بووەتە مۆرکی سەرەکیی ئەم بەرنامەیە. لەو ڕووەوە، پتر لەنموونەیەک لەئەڵقە یەک لەدوای یەکەکانی بەرنامەی بەزمی بەزم-دا دووبارەوە بوونەتەوە، لەوانە:

*"- دەی بەشەرەفم تۆش لە بزن ئەچی ...*
*- دەمانەویَ بزانین شتێکی نەکردبی، ئەدەبسزییەکی نەکردبی ...*

---

6 . بڕوانە ئەڵقەی تایبەت بە جەژنی ڕەمەزانی بەرنامەی بەزمی بەزمی کەناڵی کوردماکس لەڕۆژی 25ی ئایاری 2020دا.
7. بڕوانە ئەڵقەی 15ی بەرنامەی بەزمی بەزمی کەناڵی کوردماکس لەڕۆژی 25ی تەموزی 2020دا.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(1).paper7 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.1, March.2021

- ئەوە ما کەوە؟ دە بەشەرەفم ما کەریش نییە ..
- هەرچی تەماشا دەکەم من لەگەڵ بەشەری دانەنیشتووم هەردوو حەیوان دەرچوون ...
- سورە ئیشی قۆڕ نەکەی ...
- ئەزانی زۆر کەرە زەلامی، دوو سەعاتە یەک حەرەکەی دەکەیت ...
- کورە ئەو زەلامە گەلێک بێعەقرە، فاڤۆن نەبوو، فاشیۆن بوو ...
- ئەرێ بابە خۆت کەر مەکە بۆ خاتری خوا ...
- شەفە لۆ خۆت تورە دەکەیت، بێقیمەت ...
- ئەزانی چییە، بڕۆ ئەی سەگی سەگباب ..." [8]

" - ئەی تڕحێو لەو شایەتە ...
- کوڕە رووی باوکت رەش بێت، ببێ بە تاوە ..." [9]

" - بێئەدەب، بێئەخلاق ...
- عوسەی برام، نیوەزەلام ...
- ماشەڵا دەمت دەڵێی مەقەستە ...
- ئەو ئەدەبسزە، دەیویست سوار سەیارەت بکات و بتباتە جێیەکی دیکە ...
- شەوان لەبەر غازاتی خەومان لێناکەوێت ...
- پێش هەموو کەسێک ملت بشکێنە و بڕۆ...
- دەمزانی ئینسانێکی هیچ و پوچی، کەیفت بە کەس نایەت ...
- ئەوە چ بێقیمەتێکە دەیەوێ شلێری مارەبکاتەوە ...
- دیارە تۆ بە 15ساڵی لەدایک بووی هەتیم ...
- ئەو مەیمونە زاوایە ..." [10]

" - کچێ قوزەڵقورت دە نانەنەکەت بخۆ ...
- کچێ دە نانەکەت بخۆ، چەتیو ...
- ئاگات لێبیە ئەڵێ باوکت لەتەماتەی تەپیو ئەچێ ..." [11]

" - کورە دە دانیشە ئەڵێی مشکی نانەواخانەی...
- وەڵایی پێمناخۆشە پێتبڵێم؛ سوکی تۆ ...
- باشە ئەم کچەی تۆ ئەڵێی گوڵە، چۆنە خەڵک نەیبینیوە؟ سەگبابێک نەهاتوەتە خوازبێنی ...
- جا توشەرەفت هەیە ئەو رەنگە بگۆرێت، ئەڵێی کەناری ژەنگدارە ...

---

8 . بڕوانە ئەڵقەی 11ی بەرنامەی بەزمی بەزمی کەناڵی کوردماکس لەرۆژی 27ی حوزەیرانی 2020دا.

9 . بڕوانە ئەڵقەی 16ی بەرنامەی بەزمی بەزمی کەناڵی کوردماکس لەرۆژی 23ی حوزەیرانی 2018دا.

10 . بڕوانە ئەڵقەی 27ی بەرنامەی بەزمی بەزمی کەناڵی کوردماکس لەرۆژی 02ی تشرینی دووەمی 2019دا.

11 . بڕوانە ئەڵقەی 29ی بەرنامەی بەزمی بەزمی کەناڵی کوردماکس لەرۆژی 17ی تشرینی دووەمی 2018 دا.

- کورە وەحشی ئەوە خێزانمە تۆ داوای کێ دەکەیت؟
- دە بڕۆ دەی بێتەربێت، هاتووە خوازبێنی ژنەکەم دەکات ...
- ئەی چوارچێوەکەی؟
- بێ ئسلوب بڕۆ دەرێ لێرە، کتابەکەشت بەرە دەرێ ...
- هەتا من لێروکانە بم، کەس پیاو نییە بتانکوژێت ...
- ئەوە 81 کەسی کوشتووە، ئەی نێرەکەر ...
- وەگەرنا ئەو تڕکەنەی هی ئەوەیە شەقی لەمن هەڵدا ...
-کەس بۆی نییە گوی بخوا لە من زیاتر..."[12]

"- قوربان غازات هەیە غاز ...
- تێیگەیەنە لای یەک کەس باسیکات ، بڵێ ئەو مەسئولە لێی بەر بوو ....
- نا نا قوربان قابیلە بڵێم ترم بۆ لێداوە. شتی وا هەر نابێت ...
- عەلاکولین چەنەبازی زۆر ناکەیت، حەمە تێتگەیاندووە ئەگەر عیلاجم نەکات چی لێدەکەم؟"[13]

"- خانی-مان ئەڵێی کۆلیتە سەیە، لەوە گچکەتر بچینە کێ؟
- هەمیشە لای من دەڵێ بابم سمێڵی ئەڵێی دەسکە ماسیحەیە ...
- ئەدی وەک ئەنگۆ دەبەنگە، عەمرت نەمێنێ ئەرێ وەڵا..."[14]

"- لەش داڕزێت بۆ خاتری پێغەمبەر ...
- عەمرت نەمێنێ بۆ خۆت و ڕاپۆرت و بۆ تەیارەکەش، باشە ...
- ئەم سایەقە ناجسنە زەلامێکی کردووە بەژێرەوە، پێموایە دەستێکی شکاوە ...
- کورە کوڕم ئەنگۆ یەک لەیەک دەبەنگترن، تێناگەن ...
- بڕۆ ئەولاوە ماکەرە سور ...
- من پشقل ئەو تەپاڵە ... من جوانترم لە گوو ڵاڵە ...
- کورە هیچ و پوچ؛ هەموو 15 و 15 بوون لۆ من 13؟ دە وەرە هەی سە ئەرێوەڵا ...
- ئەنتەرنێتەکەمان لەپارە وەرگرتندا سوپەرە، لەوانیدیکەدا ماکەرە ..."[15]

"- خەپەی خەپانی خەپۆ، بە ملی شکاوم ئەو ڕاپۆرتەی بکەم ...
- ئەڵێی گامێشی ئەبۆڕێنی ...
- تێنەگەیشتم حاڵەکەو پڕە، حاڵەکەو شڕە، حاڵەکەو تڕە ..."[16]

---

12 . بڕوانە ئەڵقەی 56ی بەرنامەی بەزمی بەزمی کەناڵی کوردماکس لەرۆژی 25ی ئایاری 2019دا.

13 . بڕوانە ئەڵقەی 59ی بەرنامەی بەزمی بەزمی کەناڵی کوردماکس لەرۆژی 15ی حوزەیرانی 2019دا.

14 . بڕوانە ئەڵقەی 74ی بەرنامەی بەزمی بەزمی کەناڵی کوردماکس لەرۆژی 02ی ئەیلولی 2019دا.

15 . بڕوانە ئەڵقەی 15ی بەرنامەی بەزمی بەزمی کەناڵی کوردماکس لەرۆژی 25ی تەموزی 2020.

16 . بڕوانە ئەڵقەی 07ی بەرنامەی بەزمی بەزمی کەناڵی کوردماکس لەرۆژی 24ی ئاداری 2020.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(1).paper7 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.1, March.2021

*" – گوڵناز ئەگەر تا ئەودیو بچیت بزانم ناساڵح چیدەوێت ...*
*– قسەنەکەیت ناجسن ...*
*– پێش ئەوەی ئیعدامتکەم چیت پێیە بەرییەرەوە ...*
*– شێوەت ئەکەم لەمێشە گەورەکان دەچیت ...*
*– رووی بابت رەش بێت ئەگەر درۆت لەگەڵدا بکەم ...*
*– عەلی؛ چەنەبازی مەکە ..."[17]*

*" – کورم؛ 20 ساڵە تۆ شعورت هەیە، ئەتو عەقلت هەیە، ئەتو دەماغت هەیە ...*
*– ئەژداو ئاباوت دزە، بە من مەڵێ دزە ، بڵێ هاتوەتەسەر ماڵەکەم ...*
*– دەمانچەیەکی خوێریم کڕی بوو بە پێنج هەزاری ...*
*– ئەرێ ئێوە بەشەرن، گان، گاجووتن ... بەشەرەفت گا سەرچۆپی گرتییە ...*
*– عەمرت نەمێنێ ئەوە تەمسیلە بۆ رەفیقەکانتی دەکەیت، یاخوا داوەشێیت ..."[18]*

*" – نانا عاقڵانی کەرانی 10 زۆرترە لە 09 ...*
*– من تەڕەماشم، تەڕەسازم، تەڕەزانم؟..."[19]*

بەدەر لەو نموونانەی سەرەوە، بە بەردەوامیی بەکارهێنانەوەی وشەگەلی وەک "هەتیو، حەیوان، کەری دێز، نیوەزەلام، کوڕی کەر"؛ تابۆی بێڕێزیین لەم بەرنامەیەدا، چونکە لەلایەک شوێنی دەربڕینەکان گونجاو نییە لەلایەکی دیکەشەوە کاردانەوەی ئێجگار خراپ و کاریگەری نەرێنیی لەلای بینەران بەگشتیی و مندالان و هەرزەکاران بەتایبەت دەبێت. هاوکات وشەکانی وەک "هەتیو، حەیوان، وەحشی" ئەگەر لەنێوان دوو هاوڕێی زۆر نزیکداو لە شوێنێکی داخراوو تایبەتدا بەکاربهێنرێن لەوانەیە قبوڵکراو بێت، بەڵام کە دەبێتە موڵکی گشتیی و لەبەرامبەر بینەرێکی گشتییدا و لەسەر شاشە بەکاردەهێنرێن دەبنە تابۆ و جنێو و شیاو نین بۆ بەکارهێنان و لەنێو کولتوری کوردیشدا یاساغ و پەسەندنەکراون. بەهەمانشێوە شوێنی بەکارهێنانی وشەکانی "بێعەقڵ، بێدەماغ، بێئەخلاق، کەرانی، هیچ و پووچ"؛ تەواو نەشیاون و پلەی تابۆییەکەی لە هەندێک شوێندا دەگاتە ئەوەی کە بەئاماژەی بێدەنگکردن (توت) مۆنتاژ دەکرێن و ئەیپچڕێنن یاخود زۆرجار لەرێی تفکردن و شەقوەشاندن و جرتلێدانەوە گوزارشتی لێدەکرێت کە هەموو ئەمانەش دیارترین ئاستی خراپ بەکارهێنانی زمانی راگەیاندنە لەبەرنامەی بەزمی بەزمی کوردماکس بۆ ناردنی "پەیامی کۆمیدی" خۆی بۆ وەرگرەکانی.

### 3.2.1.3: بەرنامەی بەزمی بەزم و برەودان بە پیاوسالاریی و جیاکاریی جێندەری

17 . بڕوانە ئەڵقەی 08ی بەرنامەی بەزمی بەزمی کەناڵی کوردماکس لەرۆژی 28ی نیسانی 2020.
18 . بڕوانە ئەڵقەی تایبەت بە جەژنی رەمەزانی بەرنامەی بەزمی بەزمی کەناڵی کوردماکس لەرۆژی 25ی ئایاری 2020دا.
19 . بڕوانە ئەڵقەی 01ی بەرنامەی بەزمی بەزمی کەناڵی کوردماکس لەرۆژی 08ی شوباتی 2020.


**DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(1).paper7 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.1, March.2021**

بەبەردەوامیی بەکارهێنانی وشەی "پیاو" و پیشاندانی هێز و هەژمونی پیاوان لە ئەڵقە جیاوازەکانی بەرنامەی بەزمی بەزم لە کەناڵی کوردماکس-دا، بەڵگەی زەقکردنەوەی کولتوری پیاوسالاریی و جیاکاریی جێندەری؛ بێبەهاکردنی رۆڵ و پێگەی ژنان و پێدانی دەسەڵاتە بە پیاوان لە کۆمەڵگای کوردییدا. چەندبارەکردنەوەی وشەی "بە شەرەفم، بە ناموسم" لە ئەڵقە جیاوازەکانی بەرنامەکەدا، بەڵگەیەکی دیکەیە لەسەر پەیوەستبوونی ژیانی ژنان بە پیاوانەوە. بە جۆرێک ئەگەر کچیان یاخود ژنیان یاخود دایکیان بن، کەواتە تەنهاوتەنها لەخزمەتی پیاواندان و خۆیان هیچ بەهایەکیان نییە. لە بەکارهێنانی توخم (gender) لە زماندا، هەڵبژاردنی کەرەستە زمانییەکان گرنگی خۆیان هەیە. بۆ نمونە، ژن یاخود پیاو جیهانبینیی خۆی لە بەکارهێنانی زماندا هەیە. پیاوان لە جیهانێکدا دەژین کە لای ئەوان تاکەکەس یان سەرکەوتووە یان دۆڕاوە، بەڵام لەجیهانی ژناندا ئامانج لە ئاخاوتن لەیەکتر نزیکبوونەوەیە، لای تەواوی ژنان هەوڵدانە بۆ پاراستنی پەیوەندییەکان. هەربۆیە بەکارهێنانی زمانی پیاوسالاریی و زەقکردنەوەی جیاکارییە جێندەرییەکان لەم بەرنامەیەدا ئەدگارێکی دیاری بەرنامەکەیە. بەجۆرێک بەرنامەکە و ئەکتەرەکانی ناوی؛ ویستی زیاتریان لە بەکارهێنانی ئەو وشانەدا هەیە کە هێزی پیاوانەیان تێدایە یاخود ئەو وشانە بەکاردەهێنن کە نێگەتیڤن و جیاکاریی جێندەرییان تێدایە. لەوبارەوە، بڕوانە ئەم چەند نمونەیەی خوارەوە کە لەچەند ئەڵقەیەکی جیاوازی بەرنامەی بەزمی بەزم-دا دووبارە بوونەتەوە و بەجۆرێک لەجۆرەکان بوونەتە ناسنامەی ناسەرەوەی بەرنامەکە:

*"تۆ پەنجەت داگرە، پیاوانە قسەبکە ...*

*"جەنابت دەتەوێ بەقەسەب ماچی بکەم لەبەرئەوەی فیلەرەکەی نەتەقێ ..."* [20]

*" - نانەقەیسی قاسم ترش و تاڵە؛ وەک خەسوم ...*

*- بەیانیان لەگەر شیرەی کەرەبابی خێزانم هەڵدەستی و شیو لێدەنی ..."* [21]

*" - وەڵاهی ئە ئێستەش رقم هەڵسێنی پێنج ژنی تر دەهێنم ...*

*- ئەمە کێییە ئەم پیرەژنە چرچ و لۆچە ئەڵێی لالەنگییە ...*

*- باوکە ئەو پیرەژنە تورەمەکە، تورەبێ تاقمەکەی دانی ئەپەڕێ ...*

*- ئەرێ باوکە لەبەردەم دایکما خۆت فش دەکەیتەوە، دەرەقەتی ئەو پیرەژنە چرچە نایەی ...*

*- وەکی دەمی کردەوە سەری منی پێوەدەچێ، دەرەقەتی ژنان نایەم ...*

*- تۆزێک پیاو بە لە باوکت بچۆ ...*

*- بەقەبری باوکم ئەڵێی فریادی برایەتی بەس سمێڵی تاشیوە، هەر لە پیاو ئەچێت ...*

*- تو شەرەف تۆ خۆت بەپیاو دەزانی، داناوەشێی وا دەکەیت ...*

*- تو شەرەف ئەوە فعلی پیاوە ..."* [22]

*" - ئەگەر بووک و خەسوو رێککەوێت کەر بە کوێیا سەرکەوێت ..."* [23]

*" - باوکەرۆ ئەمە ژنە یان حاسیبەیە؟*

---

20 . بڕوانە ئەڵقەی 01ی بەرنامەی بەزمی بەزمی کەناڵی کوردماکس لەرۆژی 08ی شوباتی 2020.

21 . بڕوانە ئەڵقەی 15ی بەرنامەی بەزمی بەزمی کەناڵی کوردماکس لەرۆژی 25ی تەموزی 2020دا.

22 . بڕوانە ئەڵقەی 16ی بەرنامەی بەزمی بەزمی کەناڵی کوردماکس لەرۆژی 23ی حوزەیرانی 2018دا.

23 . بڕوانە ئەڵقەی 07ی بەرنامەی بەزمی بەزمی کەناڵی کوردماکس لەرۆژی 24ی ئاداری 2020دا.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(1).paper7 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.1, March.2021

- *حاسیبه نا ساحیبه ..."*[24]

*"_ ئەی تۆ دەم و چاوت فیلەر نەکردبوو، ئەوگوت قەراغە کولێرەیە؟*
*- کوره بابه فیلەری چی ئەوە ئۆفەری تایبەتیی بوو لەلایەن دکتۆر زەردەواڵەوە ...*
*- بەراستیی زۆر خۆشحاڵم کە کەنارییەکی وەک تۆ دەبێت بە زاوام ...*
*- من زەوقم تۆزێ لەتیفە، چونکە تازە لەخاریج هاتوومەتەوە ...*
*- کوره فاتم ژن بوو نەک گەمە ...*
*- مامە، ژنێکی بن پاکەتیم لۆ دۆزیتیەوە ...*
*- ئەو کەرکەدەنەش زاوامە ...*
*- ئەمن پیاوم قسەی دەکەم، ئەمن لەئەورووپای هاتیمەوە ...*
*- مامە ئەوە وەزعی نییە منی تێدام، ئەتوو بێ ژنی راهاتووی بەس من بێ ژنی ناتوانم ...*
*- وەڵا ئەو ژنەی لە بۆم دیتییەوە ناتدەمێ ..."*[25]

*"- ئەوە ژنی شازە؛ بۆیە کردم بە سیانزە ..."*[26]
*"- ئەی عەمرت نەمێنێ بەو دەسکە سمێڵەی تەمسیلی ژنان دەکەی؟*
*- دە ئەگەر پیاوی وەرە سنوری منەوە، وەرە با بچینە ئەو شاخ و داخە ...*
*- پیاو نییە مونافیسم بێ، بەرامبەرم دانیشێ ...*
*- ئەگەر رۆشتم لەجێی تۆ، پیاو نەبم ...*
*- ئەمە ژنە یان عەلەتریکە؟*
*- حسابی ژنت لۆ دەکەم ...*
*- بۆئەوەی زۆرت لەسەر نەکەوێ ئەگەر ئەزانی شەفە بێوەژنە، خۆییم بەرێ و تەواو ..."*[27]

## 4.2.1.3: بەرنامەی بەزمی بەزم و برەودان بە تابۆ کۆمەڵایەتیی و سێکسییەکان

چەندین توێژینەوە لەسەر کاریگەریی ئاراستە کۆمەڵایەتییەکانی وەک توخم، تەمەن، زمانی زاڵ، پۆلێنە کۆمەڵایەتییەکان ئەنجامدراون و لەدەرئەنجامدا دوو رێباز دەستنیشانکراون کە بریتیین لە شیکردنەوەی لەرینەوەیی و شیکردنەوەی جۆری. لەرێبازی یەکەمیاندا؛ ژمارەی ئەو کاتانە دەستنیشانکراوە کە تابۆکانی تێدا بەکارهاتووە، بەڵام سەرکەوتوو نەبوون، چونکە نەیانتوانی پۆلێنی تابۆکان بکەن. هەرچی رێبازی دووەمە؛ مەبەست لێی سروشتی بەکارهێنانی وشە تابۆکانە کە تاقیکردنەوەیان لەسەردەکرێت. لەپۆلێنکردنی وشە تابۆییەکانیشدا هۆکارەکانی بوون بە تابۆی وشەکان دەخرێتەڕوو کە دوو دەوروبەری زمانیی هۆکارە، لەوانە هۆکاری کۆمەڵایەتیی و هۆکاری بارودۆخ. لەهۆکاری یەکەمیاندا؛ پیرۆزیی و قێزەونی و ناشرینی دەخاتەڕوو کە کۆمەڵگە بڕوای پێیەتی و

24 . بڕوانە ئەڵقەی 08ی بەرنامەی بەزمی بەزمی کەناڵی کوردماکس لەرۆژی 28ی نیسانی 2020دا.
25 . بڕوانە ئەڵقەی 56ی بەرنامەی بەزمی بەزمی کەناڵی کوردماکس لەرۆژی 25ی ئایاری 2019دا.
26 . بڕوانە ئەڵقەی 59ی بەرنامەی بەزمی بەزمی کەناڵی کوردماکس لەرۆژی 15ی حوزەیرانی 2019دا.
27 . بڕوانە ئەڵقەی 11ی بەرنامەی بەزمی بەزمی کەناڵی کوردماکس لەرۆژی 27ی حوزەیرانی 2020دا.

بڕیاری لەسەر داوە. هەرچی هۆكاری دووەمە؛ هەریەک لە توخم، تەمەن، پلەوپایە، پیشە، ئاستی كۆمەڵایەتیی قسەكەرو و قسەبۆكراوان ڕەچاو دەكرێت (فەرەج، 2013: 262).

بەهۆی هەبوونی پێگەی كۆمەڵایەتیی هەریەک لە قسەكەرو قسەبۆكراوان لەنێو كۆمەڵگەدا، پێویستە قسەكەر كۆنترۆڵی خۆی بكات و بزانێت چیدەڵێت و چۆن دەیڵێت، بۆ ئەمەش پێویستە تێڕوانینە شیاوەكان بەهەند وەربگرێت. لەو سۆنگەیەوە، قسەكەر دەبێت بیسەرو بینەرەكانی بناسێت و ئاستەكانیان لەبەرچاو بگرێت. شاشەی تەلەڤزیۆنەكان بۆ هەمووانە، لەبەرئەوە دەبێت پەیامەكانیشی بۆ هەمووان بێت و بەتەنها نواندن بۆ چینێک نەكرێت، چونكە لەنێوان قسەكەرو بینەردا هەریەک لە ئاستەكانی باڵادەستی، هاوشانی، هاوكاریی و ژێردەستەیی هەیە. لەو نێوەندەشدا، پلەوپایە كۆمەڵایەتییەكان وشەو دەربڕراوەكان سنوردار دەكەن. هەربۆیە ئەو دەربڕاوەی لە كات و شوێنێكدا تابۆیە، لەوانەیە لە كات و شوێنێكی دیكەدا تابۆ نەبێت یاخود تابۆكەی كەمتر بێت، بەڵام لەسەر شاشە ئەم وشانە تەواو تابۆن و نابێت بەكاربهێنرێن، چونكە ئاستی بینەرەكان جیاوازە و هەندێک لەو بینەرانە حەزیان بە لاساییكردنەوەی ئەو وشانەیە. بەمەیش زمانی ئاخاوتنیان لە زمانێكی شكۆداری ڕێزگرتنەوە دەگۆڕێت بۆ زمانێكی گاڵتەجاڕیی لە نمونەی "تڕحێو، نێرەكەر، كەرەشین..هتد" كە بەپێی نیشانە واتاییەكان ئەم وشانە لە زماندا تابۆن و بەكارهێنانیان ئاماژەیەكی ترسناكە بۆ پەیوەندیی نێوان تاكەكانی كۆمەڵگا. هاوكات لە بەكارهێنانی ڕستەی "وەڵا شەرواڵەكە خۆشە، هەوا دەچێتەناوی، تەنفیسی هەیە تەنفیس ..."[28]دا؛ جۆرێک لە گاڵتەكردن بە كولتوری كوردی تێدایە كە شەرواڵ هێمایەكی دیاری جلوبەرگی كۆمەڵگای كوردییەو تاكەكانی نەتەوەی كوردی پێدەناسرێتەوە. تەنانەت هێمایەكە لە نەبەردییەكانی پێشمەرگە و ناكرێت ئەو هێمایانە لەڕێی خراپ بەكارهێنانی ئاماژە و زمانی ڕاگەیاندنەوە تێكبشكێنرێن. هەڵبەتە بێڕێزییكردن بە كولتور و كەلەپوری نەتەوەیی و بەها كۆمەڵایەتییەكان و ئاساییكردنەوەی قەدەغەكراوە كۆمەڵایەتییەكان، لەنێویشیاندا ئەوانەی لەڕووی سێكسییەوە یاساغ و ڕێگەپێنەدراون لەبەردەم جەماوەر و شاشەی تیڤییەكاندا بوترێن، بەئاشكرا لەئەڵقەكانی بەرنامەی بەزمی بەزمی كەناڵی كوردماكس-دا دووبارە بوونەتەوە. بەجۆرێک ئەو بڕوایەی لای توێژەران درووستكرد كە ئەمە جۆرێک بێت لە كارنامەی پرۆگرامەكە و خودی كەناڵەكە و لەژێر پەردەی كۆمیدییدا هەوڵی شكاندن و ئاسایكردنەوەی تابۆكان بدات. لەوبارەوە بڕوانە ئەم چەند نمونەیەی خوارەوە:

*" - یانی هەر شوێنێكی حەساسم بخورێت، نەیخورێنم ...*
*-جرت بۆ كێ لێیا ئەدەبسز ...*
*- ئافرەتێک دەبینی ئاوا خۆت سوک و سەلیم دەكەیت ...*
*- باوكم زۆر جوانە چاو شین و درێژ، بەس تۆزێ حۆلە وەک مەڕی گێژ ...*
*- بەقوربانت دەبم با بچینە ماڵەوە كەرە شین ...*
*- هەڵیكێشە حەیوان ..."[29]*

*" - فەحسی عام چییە، تۆ دكتۆری كوردەواری نی؟*
*- ئێ ئەگەر فەحسی عامت بۆ بكەم بە كوردیی دەبێ بیكەم بە پشقنینی گشتی ...*

28 . بڕوانە ئەڵقەی 56ی بەرنامەی بەزمی بەزمی كەناڵی كوردماكس لەڕۆژی 25ی ئایاری 2019دا.
29 . بڕوانە ئەڵقەی 27ی بەرنامەی بەزمی بەزمی كەناڵی كوردماكس لەڕۆژی 02ی تشرینی دووەمی 2019دا.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(1).paper7 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.1, March.2021

- وازی لێبێنە هەر با عەرەبییەکە بێت ..." [30]

" - کوێی ئەتاشیێ؟
- ریشی ...
- ئادەی تۆ بۆی لێیەرەوە ..." [31]

" - دەی فەرموو روونی بکەرەوە بەس ئاوی تێمەکە بۆمان ...
- دە زوو زوو بۆمان دەرخە ..." [32]

" - ئەگەر نەچوومە ژێری گلەییم لێبکە ....
- بیگرە یەڵا باریکە ..." [33]

" - تۆ خوشک و دایکت هەیە؟
- بەڵێ هەمە
- هەرچی لق و درەختی براوە هەیە بە......
- بەچی دەی بەچی قسە بکە...
- بەقوربانی خۆت بێ...
- چوزانم، خەریکە زیا دەروا ...
- ئاخر ئەوە بەپیاو ئەتەقێ کوری باوکم بە پیاو، زۆریش مەڵێ لەسەری لەبەرئەوەی ئەوە تەلەڤزیۆنە و خەڵک دەمانبینێ ...
- گرتنیش کوڕی خۆی ئەوێ، بە تۆ ناگیرێ، من ئەیگرم...
- چییە بۆ ئەگری، ئەگەر ئازارت هەیە، شافم پێیە...
- کورە شافی چی ماڵت ئاوابێ، شاف بەسایزی ئەو کوا هەیە ...
- زۆر سوپاس لەسەر جلەکانیشەوە دەتوانم ئیشی خۆم بکەم ...
- دە تۆ هەڵیکێشە با قسەیەکمان بۆ دروست نەکەن ... " [34]

" - ئادەی تۆ بۆی لێیەرەوە ..." [35]

30 . بڕوانە ئەڵقەی 59ی بەرنامەی بەزمی بەزمی کەناڵی کوردماکس لەرۆژی 15ی حوزەیرانی 2019دا.
31 . بڕوانە ئەڵقەی 08ی بەرنامەی بەزمی بەزمی کەناڵی کوردماکس لەرۆژی 28ی نیسانی 2020.
32 . بڕوانە ئەڵقەی 01ی بەرنامەی بەزمی بەزمی کەناڵی کوردماکس لەرۆژی 08ی شوباتی 2020.
33 . بڕوانە ئەڵقەی 07ی بەرنامەی بەزمی بەزمی کەناڵی کوردماکس لەرۆژی 24ی ئاداری 2020.
34 . بڕوانە ئەڵقەی 11ی بەرنامەی بەزمی بەزمی کەناڵی کوردماکس لەرۆژی 27ی حوزەیرانی 2020دا.
35 . بڕوانە ئەڵقەی 08ی بەرنامەی بەزمی بەزمی کەناڵی کوردماکس لەرۆژی 28ی نیسانی 2020دا.

*"- کام خەندە، وەڵا خەندە خۆشە ...*
*- حەزئەکەم پیشانت بەم دوایی ...*
*- تۆزێ تفم بەرێ ..." 36*

*"ئەوەیە دەرهێنەر، وای بۆمان دەردەهێنێ خۆمان تەقەی سەرمان سوڕدەمێنێ ...*
*ئەشەوبیلا زۆرباش دەری ئەهێنی بۆمان ....*
*کاکە گیان من چوومەسەر ئەم کابرایە ..." 37*

*"- کابرا بزانێ، ئەوباتە شوێنێکی چۆڵ چۆڵەوەو لەوێ نییە، پاک پاک ئەوگێڕێ ...*
*- تۆ تۆزێ جوانکەشی ...*
*- تۆ ئەڵێی پەرەسێلکەی ...*
*- دە بڕۆ دەی بێتەربێت، هاتووە خوازبێنی ژنەکەم دەکات ...*
*- ئەتوو بێ ژن راهاتووی بەس من بێ ژنی ناتوانم ... " 38*

*"- ئەوە بارانە؟*
*- نەوەڵا ئەوە تەڕی دەکەم ...*
*- ئەمە هی منە، بەکوێمەوە بوو؟*
*- بەکونی .... بە کونی ...*
*- بەکونی کوێمەوە؛ دەبیڵێ قابیلە بەکونی هینمەوە بووبێ ...*
*- نەوەڵا قوربان بەکونی گوێتەوە بوو ...*
*براڕۆ لەو کونی ناوکە ئەڵێی ویلی سیانزەیە .... " 39*

بەسەرنجدان لەو رستانەی سەرەوە، ئەو راستییە دووپاتدەبێتەوە کە بەکارهێنانی ئەم رستانە لەسەر شاشە تابۆن و نابێت بەکاربهێنرێن. ئەمانەش، سەرەڕای ئەوەی بە وشەو رستەو گوتن گوزارشتیان لێدەکرێت، هەندێکجار بە زمانی جەستەش دووپاتی دەکەنەوە کە ئەوەش بەپێی بنەما کولتورییەکانی کۆمەڵی کوردیی نەشیاون و بەکارهێنانی ئەو جۆرە زمانە لە بەرنامەیەکدا کە ملیۆنەها خەڵک تەماشای دەکات، مایەی نیگەرانییە. لەوەش خراپتر، کەسانێک هەن پارەیان داوە بۆئەوەی ئامادەبن و بەشێوەیەکی زیندوو ئەو بەرنامەیە ببینن. ئەوەش لەکاتێکدایە کە پێویستە ئامانجی پەیامی بەرنامەکان؛ باشکردن‌و پتەوکردنی پەیوەندییەکان بێت لەڕێی زمانێکی گونجاوو سەردەمییەوە، نەک زمانێک بەکاربهێنرێت کە کۆمەڵگا بەرەو لێواری دارمان بەرێت. راگەیاندن دەبێت

36 . بڕوانە ئەڵقەی 16ی بەرنامەی بەزمی بەزمی کەناڵی کوردماکس لەرۆژی 23ی حوزەیرانی 2018دا.
37 . بڕوانە ئەڵقەی تایبەت بە جەژنی رەمەزانی بەرنامەی بەزمی بەزمی کەناڵی کوردماکس لەرۆژی 25ی ئایاری 2020دا.
38 . بڕوانە ئەڵقەی 56ی بەرنامەی بەزمی بەزمی کەناڵی کوردماکس لەرۆژی 25ی ئایاری 2019دا.
39 . بڕوانە ئەڵقەی 59ی بەرنامەی بەزمی بەزمی کەناڵی کوردماکس لەرۆژی 15ی حوزەیرانی 2019دا.

پەیامی تەندروستی، ڕۆشنبیری، هاوسەنگیی جێندەری، خۆشەویستی، پیشاندانی کولتورە جوانەکانو بەلاوەنانی کولتورە ناپێویستەکان...هتد هەبێت، نەک ئامانجەکە بەتەنها چەند ساتێک پێکەنین و گاڵتەجاریی بێت.

### 5.2.1.3: بەرنامەی بەزمی بەزم و شێواندنی یاسای زمان

خراپ بەکارهێنانی زمانی ڕاگەیاندن لە بڕگە و بابەتەکانی ئەڵقە یەک لەدوای یەکەکانی بەرنامەی بەزمی بەزم لەکەناڵی کوردماکس؛ بەجۆرێک دووبارەدەبێتەوە کە بەئاشکرا هەست بەشێواندنی پێکهاتەی ڕستەسازیی زمانی کوردیی دەکرێت. ئەویش لەڕێی پاش و پێشکردنی ڕیزبەندیی کار و بەرکار و بکەر یاخود تێکدانی وشەکان و هەڵگەڕاندنەوەو شێواندنیان یان تێکەڵاوکردنی وشەی کوردیی بە زمانەکانی دیکە و تێکهەڵکێشکردنیان لەچوارچێوەی ڕستەیەکی کوردییدا. لەوانە بەکارهێنانی وشەگەلی وەک "عام، خاص، موصاب، ئەفسوردەگی، شۆخی باز، مەعاش، تەوزیع، تەوقیع، ئسلوب و ...هتد" یاخود تێکەڵاوکردنی شێوەزارەکانی زمانی کوردیی بەیەکتریی؛ وەک "دەبدەبە، خێندەوە، لە کنە وی، گارەگار و ..هتد" یان تێکدانی وشەکانی وەک شتراتیجی (ستراتیجی)، شەسخی (شەخسی)[40]، وازیخە (واضیح)[41]، "بۆڕبۆت (ڕۆبۆت)، ئەتەلۆک (کەتەلۆک)، حەبی فۆلیۆم (ڤالیۆم)، سەلیام و عەلیەکوم، حال وەزیعات، وەستا محەمەو، پیزاکان (ڤیزاکان)، ترایی (تەرایی) ،...هتد"[42].

هەڵبەت ئەگەر لەزمانێکی جیهانیی وەک ئینگلیزییدا یاسای ڕستەسازیی پێکهاتبێت لە بکەر+کار+بەرکار؛ ئەوا ڕستەسازیی لەزمانی کوردییدا پشتدەبەستێت بە یاسای بکەر+بەرکار+کار. ئەم یاسا زمانەوانییەش، لەزۆر ئەڵقەی بەرنامەکەدا تێکشکێنراوەو کراوەتە قوربانیی بەئامانجگرتنی پێکەنین و بەپێکەنین هێنانی وەرگر لەسەر حسابی شێواندنی ڕستەسازیی لە زمانی دەربڕین و ڕاگەیاندنی کوردییدا. لەو ڕووەوە، پتر لە نموونەیەک لەبەردەستدایە کە دیارترینیان ئەمانەی خوارەوەن:

*" – بەڵێ بینەرانی خۆشەویستی بەرنامەی قەتەمەتێ ...*
*– نا دەمەتەقێ، ڕەحمەت لەداک و بابت ...*
*– ئاخر دە ئێمەش پێتەوە دڵمان شەقی برد ...*
*– بەعام بەعام، بەگشتی، ئەو جۆرەی دەتبینم هیچ کێشەیەکی خاصت نییە ...*
*– تووشی نەخۆشی ئەفسوردەگی بوویت ...*
*– لەهەمووی باشتر و کارسازتر، کەسێکی قسەخۆش و شۆخی باز و خوێنگەرمی بۆ بهێنن ...*
*– ئەوە تەق تەقە دیسان ...*
*– لەمرۆژانەیە سولفێکم لێیا سەیارەکە ئیش پێبکەم، وەڵا ئیتر سەیارەکە ئاوی تیانەبوو ..."* [43]

*" – هەواڵێکم خێندەوە دەرێتن؛هەرچی دوەلی عەرەبیی هەیە، دوو مەعاشی تەوزیع دەکاتن...*
*– ها کچێ چییە؟ تۆ فێرنەبووی ئسلوب کەیت، تۆ لەگەڵ منتە وەرەقە هەڵدەدەی ...*
*– لە کنە وی نییە لە کنە تووە، بۆم تەوقیعکە کاکە ...*
*– گارە گاری نەکەیت ها ئەمن زۆر زەلامێکی عەسەبیمە ها ...*
*– ... کێ سەقەتە، سەقەتی کوڕی سەقەت...*
*– سەباح و لخەیر ...*

40 . بڕوانە ئەڵقەی 15ی بەرنامەی بەزمی بەزمی کەناڵی کوردماکس لەڕۆژی 25ی تەموزی 2020دا.
41 . بڕوانە ئەڵقەی تایبەت بە جەژنی ڕەمەزانی بەرنامەی بەزمی بەزمی کەناڵی کوردماکس لەڕۆژی 25ی ئایاری 2020دا.
42 . بڕوانە ئەڵقەی 08ی بەرنامەی بەزمی بەزمی کەناڵی کوردماکس لەڕۆژی 28ی نیسانی 2020دا.
43 . بڕوانە ئەڵقەی 11ی بەرنامەی بەزمی بەزمی کەناڵی کوردماکس لەڕۆژی 27ی حوزەیرانی 2020دا.

- چا م بۆ هێناون هینی بەیانیان ...
- لەتۆڕی میدیایی تەلەڤزیۆنی بەزمی بەزمەوە هەواڵەکانی مەهوا خەبەرەتان پێشکەش دەکەین ...
- پرسیار دەتانی تەرک کەیت ...
- قەیناکا، بیبورە بیبوورە ...[44]

"- کاکە من زەلامم موصاب بووە، زەلامم رایکردووە ...
- ئا توخوا لەفکرم رۆی بەزەحمەت ...
- یاخوا هەموو کاتێ ئاوا لەجەژنا بن، خوشکم پیرۆز ...
- کو قوتار بووی خۆت گەیاندە ئێروکانێ ...
- دەمانەوێتن بینەران بۆخۆیان گێیان لەو کوڕەی بێتن ..."[45]

"- ئەرێ ئەو دەبدەبانە چییە پێتە ...
- ئاخر توخوا کو تەداخول نەکەم .."[46]

"- بە من دەرێتن بەو بەرنامەیەی بەزمی بەزم دەتانم عیلاجی تو بکەم ..
- گێم لێبوو لە بەرێوە قسەت دەکرد، شتێکت لە دری دایە، بەس شەرمێ دەکەی بەمنی برێی ..."[47]

"- وەڵا بابم جارێکی دیکەی نایکەم بەرنامەی وای ...
- هەردوو خانمان بانگهێشت ئێرە کردییە ...
- من هەر لەسەرەتاوە هەستمدەکر مودیرییەتم لێدێت، هەستمدەکرد مودیرییەتی رێکخراوی لە ناخمدایە .."[48]
"- بەسە لەبەرامبەر مفەوەز جومعەیا ئەو گارە گارانە مەکەن ...
- ئێستە پێم برێ وەکی هاتی کێ بوو خوی لەتو دا ..."[49]

"- پێموتی باوکە من ناتوانم ئەو زیندەگییە تەقەبولکەم، من تەڵاق وەردەگرم ...
- موشکێلم هەیە، ئەوەڵین موشکێل وەختێ دێتەوە ماڵ ئەڵێی بورجی زەهرەمارە، ئەوندە ناوچاوی داوە بەیەکدا، ئیش .."[50]

## 6.2.1.3: بەرنامەی بەزمی بەزم و برەودان بە ناو و ناتۆرە

---

44 . بڕوانە ئەڵقەی 56ی بەرنامەی بەزمی بەزمی کەناڵی کوردماکس لەرۆژی 25ی ئایاری 2019دا.
45 . بڕوانە ئەڵقەی تایبەت بە جەژنی رەمەزانی بەرنامەی بەزمی بەزمی کەناڵی کوردماکس لەرۆژی 25ی ئایاری 2020دا.
46 . بڕوانە ئەڵقەی 07ی بەرنامەی بەزمی بەزمی کەناڵی کوردماکس لەرۆژی 24ی ئاداری 2020.
47 . بڕوانە ئەڵقەی 11ی بەرنامەی بەزمی بەزمی کەناڵی کوردماکس لەرۆژی 27ی حوزەیرانی 2020دا.
48 . بڕوانە ئەڵقەی 15ی بەرنامەی بەزمی بەزمی کەناڵی کوردماکس لەرۆژی 25ی تەموزی 2020دا.
49 . بڕوانە ئەڵقەی 16ی بەرنامەی بەزمی بەزمی کەناڵی کوردماکس لەرۆژی 23ی حوزەیرانی 2018دا.
50 . بڕوانە ئەڵقەی 56ی بەرنامەی بەزمی بەزمی کەناڵی کوردماکس لەرۆژی 25ی ئایاری 2019دا.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(1).paper7 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.1, March.2021

یەکێکی دیکە لەو بابەتە نەرێنیانەی بەرنامەی بەزمی بەزمی کەناڵی کوردماکس لەماوەی ئەو 12 ئەڵقەیەدا کاری لەسەر کردووە، بەرهەمهێنانی کۆمەڵێک ناو و ناتۆرەیە کە کاریگەرییەکی نەرێنیی لەسەر بینەران بەجێهێشتووە. بەجۆرێک هەندێک لەو ناو و ناتۆرانە ئێستا لەسەر زمانی منداڵ و هەرزەکار و بەشێک لەگەنجان و بەتەمەنەکانیش دووبارەدەبنەوە، لەوانە: "حەمە کەڵەشێر و دکتۆر سۆنە ، دکتۆر مراوی، حەمە سوسکە، حەمە بیچەقێنە ... "[51] یان "عونەی عونانی عونە، ئەوەندە ساردە من ئەڕۆم بەقونا ..."[52] یاخود "حەمەدەستپاک، سورە، حەمە موشکیلە، حەمە قوربەسەر، عەزەکوێر، ئەحەسور ..."[53] هەروەها "مامۆستا گزەگز، کاک زمە شەش و بێش، دکتۆرعوسمان بیوتی، شەفیقە، خەپۆ، هەناسەی هۆنیای هەردی، جومعە و خەمیس"[54]

## 7.2.1.3: بەرنامەی بەزمی بەزم و بەهەندوەرنەگرتنی ڕێنماییە تەندروستییەکان

لەسەروەختێکدا کە پەتای جیهانیی ڤایرۆسی کۆرۆنا فراوانتر بڵاودەبێتەوەو بەدواییدا بڕیاری ناوچەیی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ قەدەغەکردنی هاتووچۆ و هەڵمەتیی نیشتمانیی بۆ خۆپاراستن لەو پەتایە و سنوردارکردنی ژمارەی تووشبووانی دەدرێت، ئەو ئەڵقانەی بەرنامەی بەزمی بەزمی کوردماکس کە لە دوای 14ی ئاداری 2020ەوەو بەدرێژایی ماوەی قەدەغەی هاتووچۆ بەرهەم دەهێنرێن و پەخش دەکرێن؛ لەرێی چەند دیمەنێکەوە هەوڵی بێبەهاکردنی ڕێنماییە تەندروستییەکان دەدرێن. بۆنموونە، لەدیمەنێکدا یەکێک لەئەکتەرەکان دەڵێت: "تا هەواڵێکی دیکەی کەشناسی، خەمتان نەبێت ڤایرۆسی کۆرۆنا دەرەقەتی کورد نایەت ... "[55] لە بەکارهێنانی ئەو رستەیەدا، رەوشی تەندروستیی تاکەکان لەرێی بەهەندوەرنەگرتن و رەتکردنەوەی سەرجەم ڕێنماییە تەندروستییەکان دەکەوێتە ژێر پرسیارەوە و خەڵک هاندەدات کە گوێ بە ڤایرۆسی نوێی کۆرۆنا نەدرێت؛ بە بیانووی ئەوەی "دەرەقەتی کورد نایەت". ئەوەش لەکاتێکدایە لەڕووی زانستییو تەندروستییەوە ئەم رستەیە تەواو هەڵەیەو نابێت بەکاربهێنرێت، هەروەک ڕێگەخۆشکەریشە بۆ بە سووک سەیرکردنی ئاستی مەترسییەکانی پەتایەکی جیهانیی وەک ڤایرۆسی نوێی کۆرۆنا و هەڵمەتی نیشتمانیی ناوخۆی هەرێمی کوردستان بۆ کەنارگیریی و بەرگرتن لە دەرهاویشتە مەترسییدارەکانی ئەو پەتایە و سنوردارکردنی.

## 8.2.1.3: بەرنامەی بەزمی بەزم و پێشێلکردنی رێسا پیشەییەکانی راگەیاندن

بەدەگمەن ئەڵقەیەکی ئەو دوانزە بەرنامەیەی بەزمی بەزم بەرچاو دەکەوێت کە پێشێلی پێوەرەکانی رێسا پیشەییەکانی راگەیاندنی نەکردبێت. جا هەر لەخراپ بەکارهێنانی زمانی راگەیاندن بە ئاراستەی بەرهەمهێنانی رق و توندوتیژی، جیاکاری جێندەریی و برەودان بەکولتوری پیاوسالاری، جنێودان و زمانی بازاڕیی و ئاساییکردنەوەی تابۆ کۆمەڵایەتیی و سێکسییەکان و زەمینە رەخساندن بۆ بێڕێزیی نواندن لەبەرامبەر کولتور و کەلەپوری کوردیی و بەها نەتەوەیی و نیشتمانیی و فەرامۆشکردنی هۆشیاریی و ڕێنماییە تەندروستییەکان تاوەکو بە وردنەبوون و ناراستگۆیی لەگواستنەوەی پەیامەکان و بەئامانجگرتنی پێکەنین لەسەر حسابی شکاندن و سوکایەتیپێکردنی ئەواندیکە دەگات؛ لەم بەرنامەیەدا بەئاشکرا دەبینرێن و دووبارەش دەبنەوە. لەهەمووی خراپتر هەندێک وشە و رستە و ئاماژەی گۆکراو و دەربڕاو بەزمانی جەستە؛ حەزی لاساییکردنەوەی لای بینەران دروستکردووە. ئەمە جگەلەوەی لەرووی ئەتەکێت و ئێتیکی کارکردنەوە، لەزۆر ئەڵقەدا هەست بە ناکارامەیی ئەکتەرەکان لەنواندن و لەبیرچوونەوەی دەقەکان یان لەدەق دەرچوون و پێکەنینی زۆری ئەکتەرەکان لەکاتی نواندندا یاخود شەق و زلەوەشاندنی ناپێویستی ئەکتەرەکان و بەکارهێنانی

51 . بڕوانە ئەڵقەی 01ی بەرنامەی بەزمی بەزمی کەناڵی کوردماکس لەرۆژی 08ی شوباتی 2020.

52 . بڕوانە ئەڵقەی 07ی بەرنامەی بەزمی بەزمی کەناڵی کوردماکس لەرۆژی 24ی ئاداری 2020.

53 . بڕوانە ئەڵقەی تایبەت بە جەژنی رەمەزانی بەرنامەی بەزمی بەزمی کەناڵی کوردماکس لەرۆژی 25ی ئایاری 2020.

54 . بڕوانە ئەڵقەی 15ی بەرنامەی بەزمی بەزمی کەناڵی کوردماکس لەرۆژی 25ی تەموزی 2020دا.

55 . بڕوانە ئەڵقەی 07ی بەرنامەی بەزمی بەزمی کەناڵی کوردماکس لەرۆژی 24ی ئاداری 2020.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(1).paper7 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.1, March.2021

ئاماژەی ڕەیسیستیی و سێکسیی زمانی جەستە لەڕێی دەست یاخود سانسۆرکردنی هەندێ وشە بە توت و تڕلێدان و جڕتلێدان بە دەم و شەقلێدان و تفکردن لە دیارترین ئەو پێشلکاریانەن کە لەم بەرنامەیەدا دووبارە بوونەتەوە. ئەوەش وەک لەدەرئەنجامی ڕاپێوییەکەوە دەرکەوتووە، هەندێک لە بینەران هەم خۆیان لەسەیرکردنی بەرنامەکە دەدزنەوە هەم ڕێگریی لە منداڵەکانیشیان دەکەن کە سەیری بکەن.

## 2.3: ئەنجامی داتاکانی توێژینەوەکە

لەپاش خستنەڕووی ئەنجامی 145 فۆرمی دروستی ڕاپێوی ئۆنلاین لەگەڵ بینەرانی گشتیی تەلەڤزیۆنە کوردییەکان و شیکردنەوەی ناوەڕۆکی بابەتەکانی 12 ئەڵقەی بەرنامەی بەزمی بەزم لە کەناڵی ئاسمانیی کوردماکس، لێرەدا ئەنجامە بەدەستهاتووەکان دەخرێنەڕوو:

1. زانیارییە کەسییەکانی بینەرانی بەشداربوو لەڕاپێوی ئۆنلاین بەجۆرێکە کە لەرووی جێندەرییەوە، 60.7% لە ڕەگەزی نێر و 39.3%یش لە ڕەگەزی مێـــن. لەرووی تەمەنەوە، گروپی تەمەنی 34 ساڵ و بەرەو سەر لە ریزبەندی یەکەمدان بە ڕێژەی 44.8% دێن و بەدوای ئەوانیشدا، کەمینەیەک بە ڕێژەی 21.4% گروپی تەمەنی 18_25ساڵ پێکدەهێنن. لەرووی خوێندەواریی و ئاستی زانستییەوە، زۆرینەی بەشدارانی ڕاپێوییەکە کە دەکاتە 34.5% لە دەرچوانی زانکۆ و خاوەن بڕوانامەی بەکالۆریۆسن و 31.7%ش خاوەن بڕوانامەی ماستەر و دکتۆران. لەرووی شوێنی نیشتەجێبوونەوە، زۆرینەی بەشدارانی ڕاپێوییەکە کە دەکاتە 63.4% دەکەونە پارێزگای سلێمانییەوە و کەمترین ڕێژە بەر هەریەک لە پارێزگای دهۆک بەڕێژەی 2.1% و ئیدارەی ڕاپەڕین بەڕێژەی 1.4% دەکەوێت.

2. کوردماکس؛ وەک کەناڵێکی خۆشباری (ترفیهی) کوردیی لەلای زۆرینەی بەشدارانی ڕاپێوییەکەوە کە دەکاتە 64.1% "هەندێجار" سەیری بەرنامە سەرەکییەکانی دەکەن و 33.1%ی بەشدارانیش "هەرگیز" سەیری ناکەن.

3. 71%ی بەشدارانی ڕاپێوییەکە "هەرگیز" لەگەڵ ئەو بۆچوونەدانین کە پێیوایە "بەزمی بەزم لەکەناڵی کوردماکس؛ باشترین بەرنامەی کۆمیدییە کە کاتی خۆیانی پێبەرنەسەر."

4. 44.1%ی بەشدارانی ڕاپێوییەکە "هەندێجار" وایدەبینن کە "بەرنامەی بەزمی بەزم لە کەناڵی کوردماکس؛ ڕەنگدانەوەی واقیعی ئێستای ژیانی ڕۆژانەی کۆمەڵگەی کوردییە لە هەرێمی کوردستاندا."

5. زۆرینەی بەشدارانی ڕاپێوییەکە کە دەکاتە 58.6%؛ "زۆرجار" لەگەڵ ئەو بۆچوونەدان کە "بەرنامەی بەزمی بەزم لەکەناڵی کوردماکس؛ بووەتە سەکۆیەکی میلیی بۆ ئاساییکردنەوەی زمانی بازاڕیی جنێودان و بەخشینەوەی تۆمەت و ناوزڕاندنی کەس و گروپەکانی کۆمەڵگەی کوردی."

6. زۆرینەی بەشداران کە دەکاتە 56.6%ی ڕاپێوییەکە "زۆرجار" هاوڕان لەگەڵ ئەو بۆچوونەدا کە "بەرنامەی بەزمی بەزم لەکەناڵی کوردماکس؛ بووەتەهۆی شێواندنی زمانی کوردیی و شێوەزارەکانی."


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(1).paper7 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.1, March.2021

7. 46.2%ی بەشداران دووپاتیان کردوەتەوە کە "بەرنامەی بەزمی بەزم لە کەناڵی کوردماکس؛ بووەتەهۆی بەرهەمهێنانی توندوتیژی زارەکیی و دەروونی".

8. 46.9%ی بەشداران "هەندێجار" لەگەڵ ئەو بۆچوونەدا هاوڕان کە پێیوایە "بەرنامەی بەزمی بەزم لەکەناڵی کوردماکس؛ بووەتە هۆی تۆخکردنەوەی جیاوازییە رەگەزییەکانی نێوان نێرو مێ."

9. 62.8%ی بەشداران "زۆرجار" لەگەڵ ئەو بۆچوونەدا هاوڕان کە پێیوایە "بەرنامەی بەزمی بەزم لە کەناڵی کوردماکس؛ بووەتە هۆی تێکدانی زەوق و سەلیقەی بینەرانی و رێزنەگرتنی خواستەکانیان."

10. زۆرینەی بەشداران کە دەکاتە 69.7%ی کۆی راپێوییەکە؛ "زۆرجار" لەگەڵ ئەو بۆچوونەدا هاوڕان کە پێیوایە "بەرنامەی بەزمی بەزم لەکەناڵی کوردماکس؛ بووەتەهۆی زیاتر بەدگۆیی و لاساریی منداڵان و هەرزەکاران".

11. 72.4%ی بەشداران کە زۆرینەی راپێوییەکە پێکدەهێنن؛ "زۆرجار" لەگەڵ ئەو بۆچوونەدا هاوڕان کە پێیوایە "بەرنامەی بەزمی بەزم لە کەناڵی کوردماکس؛ بووەتە هۆی بێبەهاکردنی ئەتەکێتی کارکردنی هونەریی و پێشێلکردنی پێوەرەکانی رێسا پیشەییەکانی راگەیاندن."

12. زۆرینەی بەشدارانی راپێوییەکە کە دەکاتە 65.5%؛ "زۆرجار" لەگەڵ ئەو بۆچوونەدا هاوڕان کە پێیوایە "بەرنامەی بەزمی بەزم لەکەناڵی کوردماکس؛ بووەتەهۆی بێبەهاکردنی بنەما پەروەردەییەکان و سوکایەتییکردن بە خێزانی کوردیی و تایبەتمەندییەکانی."

13. لەشیکردنەوەی ناوەخنی بابەتەکانی 12 ئەڵقەی بەرنامەی بەزمی بەزم لە کوردماکس-دا؛ ئەوە زۆرتر دووبارەبوەتەوە کە کار لەسەر بەئامانجگرتنی پێکەنین، برەودان بە زمانی بازاڕیی و جنێودان، برەودان بە پیاوسالاریی و جیاکاری جێندەری، برەودان بە تابۆ کۆمەڵایەتیی و سێکسییەکان، شێواندنی یاسای زمان و تێکەڵاوکردنی شێوەزارەکان، برەودان بە ناو و ناتۆرە، بەهەندوەرنەگرتنی رێنماییە تەندروستییەکان و پێشێلکردنی رێسا پیشەییەکانی راگەیاندن و پێوەرەکانی کراوە.

## 4. پاشەکیی توێژینەوە:

کۆی ئەو ئەنجامانەی توێژینەوەکە لەرێی هەردوو رێبازی راپێویی و شیکردنەوەی ناوەڕۆکی بابەتەکانی بەرنامەی بەزمی بەزم لەکەناڵی کوردماکس پێیگەیشتووە، لەم کۆتا بەشەی توێژینەوەکەدا دەخرێنەڕوو. دواتریش لەژێر رۆشنایی ئەو ئەنجامانەدا چەند راسپاردەیەک پێشکەشی هەریەک لە توێژەرانی میدیایی و بینەرانی تەلەڤزیۆنە کوردییەکان بەگشتیی و خاوەن و بڕیاردەرانی کەناڵی کوردماکس و بەرهەمهێنەرانی بەرنامەی بەزمی بەزم بەتایبەت دەکرێن.

### 1.4: ئەنجامەکانی توێژینەوەکە

بە پشتبەستن بە وەڵامەکانی فۆڕمی راپێوی ئۆنلاین لەگەڵ 145 بینەری گشتیی تەلەڤزیۆنە کوردییەکان و ناوەڕۆکی ئەو بابەتانەی لە 12 ئەڵقەی بەرنامەی پەخشکراوی بەزمی بەزم لە کەناڵی کوردماکس شیکراونەتەوە؛ دەرەنجامەکانی توێژینەوەکە بەوە گەیشتوون کە بەشێوەیەکی نەرێنیی ئاستەکانی زمانی راگەیاندن بەکارهاتوون. ئەوەش وایکردووە ئامانجەکانی توێژینەوەکە بگات بەم سێ ئەنجامە سەرەکییەی خوارەوە:


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(1).paper7 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.1, March.2021

1. لەنێو جۆری ئاستەکانی زمانی ڕاگەیاندندا؛ هەریەک لە ئاستەکانی وشەسازیی و ڕستەسازیی و واتاسازیی کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر بەرهەمهێنانی بەرنامەی کۆمیدیی بەزمی بەزم لە کەناڵی کوردماکس هەبووە. پەیامی میدیایی و زۆرینەی بابەتی ئەڵقە جیاوازەکانی؛ پێچەوانەی ئەو ئامانجانە بووە کە بەرنامەکە لەپەیامی خۆناساندنییدا بانگەشەی بۆکردوون. واتاگەلێگ لەم بەرنامەیەدا بەرهەمهاتوون کە وایکردووە بەرنامەکە هێندەی وەک سەکۆیەکی گشتیی ساغکردنەوەو برەودان بە کولتوری جنێودان و زمانی بازاڕیی و شکاندنی تابۆ کۆمەڵایەتیی و سێکسییەکان و ئاساییکردنەوەیان لەسەر ئاستی زمانی ڕۆژانەی خەڵکی دەرکەوێت، هێندە وەک بەرنامەیەکی کۆمیدیی کەناڵێکی خۆشباریی خێزانیی نەبووە کە پەیامێکی ڕوونی پەروەردەیی و کولتوریی بێت؛ بۆ دەرخستنی دیاردە و دەرکەوتەکانی کۆمەڵی کوردیی و هەنگاونان بە ئاڕاستەی ڕاستکردنەوەی هەڵە باوەکان و برەودان بەلایەنە ئەرێنییەکانی کولتور و کەلەپوری کوردیی بێت.

2. خراپ بەکارهێنانی ئاستەکانی زمانی ڕاگەیاندن لەبەرنامەی بەزمی بەزم-ی کەناڵی کوردماکس-دا؛ کاریگەرییێکی نەرێنیی لەسەر بینەرانی بەرنامەکە هەبووە. بەجۆرێک زۆرینەیان ئەو بۆچوونانە پشتڕاست دەکەنەوە کە ئەگەرچی کوردماکس؛ وەک کەناڵێکی خۆشباری (ترفیهی) کوردیی لەلایەن زۆرترین بینەرەوە "هەندێجار" سەیری بەرنامە سەرەکییەکانی دەکرێت، بەڵام ئەو زۆرینەیە پێیوانییە کە بەزمی بەزم؛ باشترین بەرنامەی کۆمیدیی بێت کە کاتی خۆیانی پێبەرنەسەر. ئەوانەیشی کە سەیری دەکەن پێیانوانییە بەرنامەی بەزمی بەزم؛ ڕەنگدانەوەی واقیعی ئێستای ژیانی ڕۆژانەی کۆمەڵگەی کوردیی لەهەرێمی کوردستاندا بێت. لەوەش زیاتر پێیانوایە بەرنامەی بەزمی بەزم لە کەناڵی کوردماکس؛ بووەتە سەکۆیەکی میللیی بۆ ئاساییکردنەوەی زمانی بازاڕیی و جنێودان، بەخشینەوەی تۆمەت و ناوزڕاندنی کەس و گروپەکانی کۆمەڵگەی کوردی، هۆکارێک بۆ شێواندنی زمانی کوردیی و شێوەزارەکانی، بەرهەمهێنانی توندوتیژی زارەکیی و دەروونیی و تۆخکردنەوەی جیاوازییە ڕەگەزییەکانی نێوان نێر و مێ. ئەوە جگەلەوەی کە بووەتە هۆی تێکدانی زەوق و سەلیقەی بینەرانی و ڕێزنەگرتنی خواستەکانیان و زیاتر بەدگۆیی و لاساریی منداڵان و هەرزەکاران و هۆکاری بێبەهاکردنی ئەتەکێتی کارکردنی هونەریی و بنەما پەروەردەییەکان و سوکایەتییکردن بەخێزان و کولتوری کوردیی و تایبەتمەندییەکانی.

3. بەرنامەی بەزمی بەزم لەکەناڵی کوردماکس؛ تا ڕادەیەکی زۆر پابەند نەبووە بە ڕێسا پیشەییەکانی ڕاگەیاندن. بگرە هۆکارێکیش بووە بۆ پێشێلکردنی هەریەک لە پێوەرەکانی بەرپرسیارێتی، وردبینیی و ڕاستگۆیی، سەربەخۆیی، ئازایی و ئازادی، جیاکاریی و بێلایەنی، بابەتیی و دەستپاکی، هاوسەنگی، تایەتمەندێتی، دادوەریی، پاراستنی نهێنی، ناساندن و جوانکاریی، ڕێزگرتنی بەهاکان و شکۆی ژیانی تایبەتیی کەسەکان و بەکارهێنانی زمانێکی باڵا و پەسەندکراوی زمانی ڕاگەیاندن لەبەرهەمهێنان و پەخشکردنی پەیامە کۆمیدییەکانییدا.

## 2.4: ڕاسپاردەکانی توێژینەوەکە

لەسەر بنەمای ئەو دەرەنجامانەی ئەم توێژینەوەیە پێیگەیشتووە، لێرەدا چەند ڕاسپاردەیەک ئاڕاستەی بەرهەمهێنەران و بەکارهێنەرانی میدیای خۆشباری (entertainment) لەهەرێمی کوردستان دەکرێت، لەوانە:

1. پێویستە هەریەک لە وەزارەتی ڕۆشنبیریی و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، ڕێکخراوە ناحکومییەکانی تایبەت بە داکۆکیکردن و چاودێرییکردنی ناوەڕۆکی پەیامەکانی ڕاگەیاندن بیر لەگەڵاڵەکردن و دەرکردنی ڕستێک ڕێسای پیشەیی تایبەت بە بەرنامە کۆمیدییەکان بکەنەوە. دواتریش ئەگەر پێویستبوو بیکەن بە "پرۆژە

یاسای ڕێکخستنی میدیای خۆشباریی لەهەرێمی کوردستاندا" و پێشکەشی پەرلەمانی کوردستانی بکەن، تاوەکو لەرووی یاساییەوە ئەرک و مافی بەرهەمهێنەران و بەکارهێنەرانی ناوەڕۆکی ئەو جۆرە میدیایە دەستنیشان بکرێت یاخود دەکرێت لە چوارچێوەی هەمواركردنەوەی یاساكانی تایبەت بە ڕاگەیاندندا، ئەم پرسە لەبەرچاو بگیرێت و چیدیکە لەژێر پەردەی کۆمیدیادا زمانی ڕاگەیاندنی کوردیی بەشێوەیەکی نەرێنیی بەکارنەهێنرێت.

2. لەسەر خاوەن و کۆمپانیای پاڵپشتیکەری دارایی و بڕیاردەرانی تۆڕی میدیایی کوردماکس پێویستە دەستەبەجێ بەرنامەی بەزمی بەزم ڕابگرن و پێداچوونەوەیەکی پیشەیی بە ناوەڕۆکەکەیدا بکەن و لەرووی هونەری، میدیایی و یاساییەوە دەرگاوانی پسپۆڕی بۆ دابنێن. بەجۆرێک بەرلە بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوەی بەرنامەکە سەیری بکرێتەوەو ڕێگە بەتێپەڕینی هەندێ وشە و فرێزو ڕستە نەدرێت کە وادەکات زمانی ڕاگەیاندنی پەیامەکانی پشت بەرنامەکە بشێوێنرێن و بەهۆیەوە واتاگەلی نەرێنیی و کاریگەریی پێچەوانە لەسەر وەرگرەکانی کەناڵەکە دروست بکات.

3. لەسەر توێژەرانی میدیایی پێویستە، بایەخی زیاتر بە شیکردنەوەو هەڵسەنگاندنی ناوەڕۆکی پەیامەکانی میدیای خۆشباری بەگشتیی و بەرنامە کۆمیدییەکانی بەتایبەتی بدەن. هەندێک لەو میدیاو بەرنامانە بەدوور لەهەر جۆرە پێوەرێکی پیشەیی میدیا و زەوق و سەلیقەیەکی هونەریی و بەهایەکی مرۆیی، "شەلم کوێرم ناپارێزم" پەیامەکانیان بڵاودەکەنەوە؛ تەنها و تەنها لەپێناو بەپێکەنین هێنانی بینەرانیاندا!


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(1).paper7 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.1, March.2021

# The Effects of Media Language Using of Comedian Program Audiences of Kurdish Televisions; BEZMÎ BEZM Program at KurdMax TV As A Case Study

**Shwan Adam Aivas**

Media Technical Department, Sulaimani Technical Institute, Sulaimani Polytechnic University, Sulaimani, Kurdistan Region, Iraq.

**E-mail:** shwan.adam@spu.edu.iq

**Mahabad Kamel Abdulla**

Kurdish Department, Sharazoor Education College, University of Halabja, Halabja, Kurdistan Region,Iraq.

**E-mail:** mahabad.abdullah@uoh.edu.iq

**Abstract:**

This study is an attempt to evaluate the effects of media language misusing in comedian programs of Iraqi Kurdish televisions. To achieve this goal, the researchers have done an online survey with 145 TV viewers; as well as analyzing the thematic contents of 12 episodes of the BEZMÎ BEZM program on the KurdMax satellite channel.

Based on the research results; media language misusing in the BEZMÎ BEZM program has negative effects on viewers of this program, despite the fact that the majority of opinions agreed on the definition of this satellite as a Kurdish entertainment channel and the rates of views of its main programs "Great". However, they also agreed that this program on the KurdMax satellite channel has become a popular platform for insults, exchange of accusations, and defamation of certain personalities and groups in society, and a reason for sabotaging the Kurdish language and its methods, producing linguistic and psychological violence and highlighting gender discrimination. In addition to sabotaging the public taste of viewers, lack of respect for their needs, delinquency of adolescents, reducing the value of artistic work etiquette and educational foundations, and underestimating the family and Kurdish culture and its peculiarities. As for the topics presented in this program, the main goal is to make viewers laugh only and to achieve this; they do not hesitate to spread market language and archaic and patriarchal cultures, encourage gender differences of men and women, social and sexual taboos, defame personalities, neglect health guidelines, and violate professional media ethics. All of the above; represents the main identity of the BEZMÎ BEZM program on the KurdMax satellite channel. As a final point, this research has recommended the relevant people and bodies to subordinate such programs in order to review its content based on legal and ethical media standards, laws, and rules of the Kurdish language, along with abiding professional art principles.

**Key words:** Language, Media Language, Comedian Program, Kurdish Televisions, Professional Media Ethics and Bezmi Bezm Program.

## سەرچاوەکان:


پ.ی.د.تریفە عومەر و د.کاوە عەبدولرەزاق، رۆڵی ماسمیدیا لەبەرهەمهێنانی واتای کۆمەڵایەتییدا، کتێبی توێژینەوەی میدیایی، کۆکردنەوەی پ.ی.د.یەحیا ڕێشاوی، لەبڵاوکراوەکانی ڕێکخراوی چاودێریی میدیای کوردی، 2019، چاپخانەی ناوەندی سارا، سلێمانی.

پ.ی.د.ئیبتیسام ئیسماعیل قادر، رۆڵی تەلەڤزیۆنە کوردییەکان لەپەرەپێدانی ڕێنووسی کوردییدا، لە کتێبی توێژینەوەی میدیایی، کۆکردنەوەی پ.ی.د.یەحیا ڕێشاوی، لەبڵاوکراوەکانی ڕێکخراوی چاودێریی میدیای کوردی، 2019، چاپخانەی ناوەندی سارا، سلێمانی.

پ.ی.د.یەحیا عومەر ڕێشاوی، توێژینەوەی میدیایی، 2019، سلێمانی، لەبڵاوکراوەکانی ڕێکخراوی چاودێریی میدیای کوردی.

چۆلی ئەسعەد، زمان لە راگەیاندنی بینراودا، سلێمانی، دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان، 2013.

د. جان جبران کرم، مدخل الی لغە الاعلام، 1992، دار الجیل.

د.سامان فەوزی، بنەماکانی یاسای راگەیاندن، 2016، سلێمانی، چاپی یەکەم، لەبڵاوکراوەکانی زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی.

د.شاخەوان جەلال فەرەج، تابۆ وەک نموونەیەکی پەیوەندیی نێوان زمان و کولتور، 2013، سلێمانی، چاپخانەی بینایی.

د.شوان ئادەم ئەیڤەس، د.نەزاکەت حسێن سەعید، هەرێم کەریم غەفور، کاریگەرییەکانی کۆڤید_19 لەسەر بەرهەمهێنانی ریکلام و کەمکردنەوەی داهات؛ تەلەڤزیۆنە کوردییەکان لەماوەی قەدەغەی هاتووچۆ لەهەرێمی کوردستاندا، گۆڤاری الدراسات السیاسیة والامنیة، المجلد (الثالث) العدر (الخامس) حزیران 2020.

د.شوان ئادەم ئەیڤەس، دەرگاوان و بێبەهاکردنی رۆڵی لە میدیای کوردییدا، رۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارەی رۆژی یەکشەممە، 25ی ئابی 2020.

د.محەمەد مەعروف فەتاح: زمانەوانی، 1990، هەولێر.

دەستوری عێراق، (2005). لەرێی ئەم بەستەرەوە، بەردەستە:
https://www.constituteproject.org/constitution/Iraq_2005.pdf?lang=ar

رەحیم سورخی، پرۆسەی پێوەندیی جەماوەریی، 2008، هەولێر، دەزگای موکریان.

شوان ئادەم ئەیڤەس، کورد و پرۆسەی گەیاندن، چاپی یەکەم، سلێمانی، بەشی چاپ و بڵاوکردنەوەی رادیۆ نەوا، 2005.

شوان ئادەم ئەیڤەس، ئیتیک لە رۆژنامەوانیی کوردییدا؛ رۆژنامەی هاوڵاتی (2000-2002 وەک نمونە)، چاپی یەکەم، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، 2006.

فەرهاد تۆفیق حەسەن، زمان لە ڕیکلامی کوردیدا، 2015، سلێمانی.

محەمەد رەزای باتینی، دەربارەی زمان، 2015، ئێران، چاپخانەی پەنجەرە.

هەڤاڵ ئەبوبەکر، راگەیاندن و راگەیاندنی کوردیی، چاپی یەکەم، سلێمانی، ناوەندی رۆشنبیر،2002.

Aivas, Sh, A. (2017). Kurdish Journalism Cultures; Shifting Boundaries of Privacy Understandings amongst Professional Role Orientations of Journalists. (Doctoral dissertation, University of Nottingham Trent).

Henderson, J. (1993) Comic Hero versus Political Elite pp. 307–19 in *Sommerstein, A.H.; S. Halliwell; J. Henderson; B. Zimmerman, eds. (1993). Tragedy, Comedy and the Polis. Bari: Levante Editori.*

Kuipers, G., 2006. Television and taste hierarchy: The case of Dutch television comedy. Media, Culture & Society, 28(3), pp.359-378.

Syan, K. A. Q. (2017). Media in an emergent democracy: the development of online journalism in the Kurdistan region of Iraq (Doctoral dissertation, University of Bradford).

## 5. پاشکۆکانی توێژینەوە

**پاشکۆی ژمارە: 01**
**فۆرمی شیکردنەوەی ناوەڕۆکی بابەتەکانی**
**بەرنامەی بەزمی بەزم لەکەناڵی کوردماکس**

| بەستەری بەرنامە | ماوە | ئەڵقەی | مێژوو | زنجیرە |
|---|---|---|---|---|
| https://www.youtube.com/watch?v=ES7M-RnZogk&feature=youtu.be | 72 خولەک | 15 | 25ی تەموزی 2020 | .01 |
| https://youtu.be/jP6VAUDUfME | 60 خولەک | 11 | 27ی حوزەیرانی 2020 | .02 |
| https://youtu.be/-e5i8oZd3lg | 60 خولەک | تایبەت بە جەژنی رەمەزان | 25ی ئایاری 2020 | .03 |
| https://youtu.be/SfxwVxrfSyU | 44 خولەک | 08 | 28ی نیسانی 2020 | .04 |
| https://youtu.be/9I8IIQ4MN3A?list=RDLK-1JFV89Jg | 60 خولەک | 07 | 24ی ئاداری 2020 | .05 |
| https://youtu.be/HerU6NgQr2A | 60 خولەک | 01 | 08ی شوباتی 2020 | .06 |
| https://youtu.be/5MdSfrmN4-s | 46 خولەک | 27 | 02ی تشرینی دووەمی 2019 | .07 |
| https://youtu.be/bU0fTzBq3D0 | 53 خولەک | 74 | 02ی ئەیلولی 2019 | .08 |
| https://youtu.be/wUV_aSoLOcs | 44 خولەک | 59 | 15ی حوزەیرانی 2019 | .09 |
| https://youtu.be/o7XanKFGkMM | 44 خولەک | 56 | 25ی ئایاری 2019 | .10 |
| https://youtu.be/k1Cgu-J4Axc | 46 خولەک | 29 | 17ی تشرینی دووەمی 2018 | .11 |
| https://youtu.be/YTQBHQpefD8 | 47 خولەک | 16 | 23ی حوزەیرانی 2018 | .12 |

## پاشکۆی ژمارە: 02

## ڕاپرسییەک لەبارەی
## بەرنامەی کۆمیدیی تەلەڤزیۆنە کوردییەکان و کاریگەرییەکانی

**بەشداربووی بەڕێز:**

ئەم فۆرمی ڕاپرسییەی بەردەستان تایبەتە بەدیدوبۆچوونی ئێوەی بینەرانی تەلەڤزیۆن، تا وەک کەرەستەیەکی کۆکردنەوەی زانیاریی بەکاربهێنرێت؛ بۆ توێژینەوەیەکی تایبەت بەشێواندنی زمانی دەربڕین و بەرهەمهێنانی توندوتیژی میدیایی لەبەرنامەی بەزمی بەزم-ی کەناڵی کوردماکس. هەربۆیە دڵنیاتان دەکەینەوە کە وەڵامەکانتان پارێزراودەبن‌و بۆ مەبەستی زانستیی بەکاردەهێنرێن؛ هەماهەنگیی و هاوکاریی بەڕێزتان لەدروست وەڵامدانەوەی پرسیارەکان، جێگەی ستایشە.

**لەگەڵ ڕێز و پێزانینی توێژەراندا**

- **زانیاریی گشتی**
- تکایە نیشانەی (√) لەبەردەم هەریەک لەم بژاردانەی خوارەوەدا دابنێ کە لەگەڵ دیدوبۆچوونی بەڕێزتدا دەگونجێن.

1. ڕەگەز: نێر ☐ مێ ☐
2. تەمەن: 18-25 ساڵ ☐ 26- 33 ساڵ ☐ 34 ساڵ و زیاتر ☐
3. ئاستی خوێندن : بێبڕوانامە ☐ بنەڕەتی (پۆلی 01 تاوەکو 09) ☐ ئامادەیی ☐ دیبلۆم ☐ بەکالۆریۆس ☐ ماستەر ☐ دکتۆرا ☐
4. شوێنی نیشتەجێبوون: پارێزگای هەولێر ☐ پارێزگای سلێمانی ☐ پارێزگای دهۆک ☐ پارێزگای هەڵەبجە ☐ ئیدارەی گەرمیان ☐ ئیدارەی ڕاپەڕین ☐


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(1).paper7 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.1, March.2021

### ❖ هەڵسەنگاندنی بۆچوونەکان

5. کوردماکس؛ وەک کەناڵێکی خۆشباری (ترفیهی) کوردیی سەیری بەرنامە سەرەکییەکانی دەکەم.
زۆرجار ( ) هەرگیز ( ) هەندێجار ( )

6. بەزمی بەزم لەکەناڵی کوردماکس؛ باشترین بەرنامەی کۆمیدییە کە کاتی خۆمی پێبەرمەسەر.
زۆرجار ( ) هەرگیز ( ) هەندێجار ( )

7. بەرنامەی بەزمی بەزم لەکەناڵی کوردماکس؛ ڕەنگدانەوەی واقیعی ئێستای ژیانی ڕۆژانەی کۆمەڵگەی کوردییە لەهەرێمی کوردستاندا.
زۆرجار ( ) هەرگیز ( ) هەندێجار ( )

8. بەرنامەی بەزمی بەزم لەکەناڵی کوردماکس؛ بووەتە سەکۆیەکی میللیی بۆ ئاساییکردنەوەی زمانی بازاڕیی جنێودان و بەخشینەوەی تۆمەت و ناوزڕاندنی کەس و گروپەکانی کۆمەڵگەی کوردی.
زۆرجار ( ) هەرگیز ( ) هەندێجار ( )

9. بەرنامەی بەزمی بەزم لەکەناڵی کوردماکس؛ بووەتەهۆی شێواندنی زمانی کوردیی و شێوەزارەکانی.
زۆرجار ( ) هەرگیز ( ) هەندێجار ( )

10. بەرنامەی بەزمی بەزم لەکەناڵی کوردماکس؛ بووەتەهۆی بەرهەمهێنانی توندوتیژی زارەکیی و دەروونی.
زۆرجار ( ) هەرگیز ( ) هەندێجار ( )

11. بەرنامەی بەزمی بەزم لەکەناڵی کوردماکس؛ بووەتەهۆی تۆخکردنەوەی جیاوازییە ڕەگەزییەکانی نێوان نێر و مێ.
زۆرجار ( ) هەرگیز ( ) هەندێجار ( )

12. بەرنامەی بەزمی بەزم لەکەناڵی کوردماکس؛ بووەتەهۆی تێکدانی زەوق و سەلیقەی بینەرانی و ڕێزنەگرتنی خواستەکانیان.
زۆرجار ( ) هەرگیز ( ) هەندێجار ( )

13. بەرنامەی بەزمی بەزم لەکەناڵی کوردماکس؛ بووەتەهۆی زیاتر بەدگۆیی و لاساریی منداڵان و هەرزەکاران.
زۆرجار ( ) هەرگیز ( ) هەندێجار ( )

14. بەرنامەی بەزمی بەزم لەکەناڵی کوردماکس؛ بووەتەهۆی بێبەهاکردنی ئەتەکێتی کارکردنی هونەریی و پێشێلکردنی پێوەرەکانی ڕێسا پیشەییەکانی ڕاگەیاندن.
زۆرجار ( ) هەرگیز ( ) هەندێجار ( )

15. بەرنامەی بەزمی بەزم لەکەناڵی کوردماکس؛ بووەتەهۆی بێبەهاکردنی بنەما پەروەردەییەکان و سوکایەتییکردن بەخێزانی کوردیی و تایبەتمەندییەکانی.
زۆرجار ( ) هەرگیز ( ) هەندێجار ( )


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(1).paper7 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.1, March.2021